له بڵاوكراوەكانی گەلەریی هونەریی بابان

# ئاوێزان بوونی سروشت و مێژوو

گەشتی رۆژنامەوانی

**رەووف محەممەد ئالانی**


**ناوی كتێب: ئاوێزان بوونی سروشت و مێژوو**

**بابەت: گەشتی رۆژنامەوانی**

**نووسینی: رەووف محەممەد ئالانی**

**تایپ و هەڵەچنی: كەژاڵ محەممەد عومەر**

**دیزاین و بەرگ: حیكمەت مەعروف**

**چاپ: یەكەم - ٢٠٠٧**

**چاپخانە: بزافی رۆشنبیری**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**ژمارەی سپاردن: ( ٥٠٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧**

**پێشکەشە بە:**

- **نەوەی نوێ**
- **ئەوانەی خەمخۆری مێژوو و شوێنەواری کوردستانن**





## ناوەرۆك:

هەگبەكەی پڕە لە جوانی ٦
پێشەكی ٨

ئەو پیاوەی لە جەنگی دووەمی .... ١٠
پیاوێك (٧٣) ساڵ بێ دابڕان شوان بووە ١٧
ئەو بەرزاییەی لە شێوەی دەموچاوێكی پیردایە ١٩
بابانەكان چۆن ئاویان گواستۆتەوە ٢١
ئاوێزانی سروشتی لە تابلۆی دوو دارەكەی خێوەتەدا ٢٣
چنارە گەورەكەی چوارتا ٢٥
دیمەنێكی سەرنجڕاكێش ٢٧
ناونان بۆ شتەكان لە كوردەوارییدا ٢٩
ڕێزگرتن لە روناكبیران لە سەردەمی بابانییەكاندا ٣١
دۆزینەوەی كوپە قەبر ٣٤
مەراسیمەكانی سوپای بابان ٣٧
لەسەر شاخی ئەزمەڕ مەزارێكی نوێ بۆ نەجمەدین مەلا ٤٠
لە قەڵاچوالان ئەشكەوتێك بەناوی شێخی نەمرەوە ٤٣
پیاوێك لە قەڵاچوالان بۆتە سەرچاوەیەكی گرنگی ... ٤٥
ئەشكەوتێك لە نێوان حەشارگە و شوێنەواردا ٥١

گۆڕستانێك و مێژوویەكی نادیار ٥٤
جۆگەی كۆنی ئاوێری بابانەكان لە قەلاچوالان ٥٦
دۆزینەوەی هێمای خواوەندی میتر لەسەر گۆزەیەكی كۆن ٥٨
شوێنەواری پردی كۆنی بابانەكان ٦١
ئەو پیاوەی یانزە ساڵە ئەشكەوتی كردووە بە ماڵ ٦٤
ئەشكەوتی سیچڕ ٦٧
درەختێك تەمەنی لە (٧٠٠) ساڵ زیاترە ٦٩
شاخی قەڵێ ٧١
دۆزینەوەی كارێزێكی كۆن لە شارباژێڕ ٧٤
بەردێك لە واژەی شارباژێڕ وەرز و ڕۆژەكانی ساڵی ٧٦
گۆزەیەك بەم دەستە ڕەنگینانە بە (١٠٠) فلس ٧٨
با هەمووان ئامین تاقانەكەی حەسەن زیرەك بناسین ٨٠
پێشمەرگەیەكی دێرین ئامێرێك دروست دەكات ٨٢
ئەو گوندەی جگەرەكێشی تێدا نییە ٨٦
لە تەگەران خێزانێك دڵیان لای ڕاستە ٨٨
چەند شێوازێك لە تابلۆیەكی بەردیندا ٩٣
گۆڕی بكوژی سلێمان پاشای بابان ٩٥
ئەشكەوتی كونەبا، سەیرانگەی خەڵكی ماوەت ١٠٢





## هەگبەكەی پڕە لە جوانی

**هێمن عوسمان بەرزنجی**

لە یەكێك لە ڕۆژنامەكاندا دیمەنێكی زۆر سەرنجراكێشەرم بینی كە وێنەی یەكێك لە شاخەكانی كوردستانی ئازیز بوو كە خۆی لە شێوەی پیرەمێردێكی ماندوودا پیشان داوە، بە ڕاستی زۆر سەرسام بووم. لەو وێنەیەوە ئەو بڕوایەم هێنا كە ئەم ڕۆژنامەنووسە گەڕیدەیە ئەو وێنانە دەگرێت كە خەڵكی ئاسایی بۆیان ناگیرێت. لەو ڕۆژەوە موشتاقی بینینی ڕەئوف محەممەد ئالانی بووم، تا ئێوارەیەكی پایز كە شنەبایەكی هەبوو جار جار گەڵا وەریوەكانی تل دەدا، لەگەڵ ئەحمەد بابانی هاوڕێمدا لە پاركی سەرا دانیشتبووین نوكتە و قسە خۆشەكانی خاڵە ڕەجەب و ئەحەی كڕنوومان بۆ یەكتری دەگێڕایەوە، من زووتر لە ئەحمەد بابان بینیم، دوو گەنج بەرەو ڕووی ئێمە دەهاتن، یەكێكیان گەنجێكی دەم بە زەردەخەنە و سوور و سپییەكی باڵا مامناوەند بوو، ئەوی دیكەیان باش لە بیرم نەماوە. كاتێ گەیشتنە لای ئێمە پاش ئەوەی ئەحمەد بابانیان دەناسی ئەحمەدیش بە گەرمی پێشوازی لێ كردن و وتی: بەرزنجی ئەمە مامۆستا ڕەئووف محەممەد ئالانییە كە تۆ بە شوێنیدا وێڵی. لەو كاتەدا وام هەست دەكرد مامۆستا ڕەئووف لە غوربەت گەڕاوەتەوە، بۆیە حەزم

نەدەکرد دەستە نەرم و پڕ بەرەکەتەکەی بەربدەم. مامۆستا ڕەئووف ئالانی دەتوانین لەم سەردەمدا بڵێین کە وارسی مامۆستا کەریم زەندە، چونکە ئەویش وەك مامۆستا کەریم زەند عاشقی سروشتی کوردستانە. لە تاف لاویدا وەك مامۆستا کەریم زەندی گەڕیدە و جوگرافیاناس، یان ڕیچی گەڕیدە کار بۆ کورد دەکات، یەکێکیشە لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە زۆر تاکن لە بواری گەڕان بە شوێن شوێنەواری مێژوویی و ئاسەوارە کۆنەکاندا خزمەت بە وڵاتەکەیان دەکەن. مامۆستا ڕەئووف ئالانی ئەو گەنجە بە توانایەیە کە بێ گوێدانە ماندووبوون و ڕێگە سەختەکان چالاکانە تواناکانی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ دۆزینەوە و ناساندنی شوێنەوارەکان و گەلێك شتی ناوازەی تر کە لە چیا و گوندەکانی خاکی پیرۆزی کوردستاندا هەیە، تا بە تاك بە تاکی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستانی ئاشنا بکات. من هێندە هۆگری کارە پیرۆزەکەی مامۆستا ڕەئووف ئالانیم لە خودا دەپاڕێمەوە کە تەمەن درێژی بکات و زیاتر دەرفەتی بدات تا زیاتر ئاشنامان بکات بە سروشتی کوردستان و بەرهەمەکانی. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتم بۆ مامۆستای گەڕیدە و سروشتناس ڕەئووف محەممەد ئالانی.

خوا دەرفەت با ...
کاسەی تەمەن لە فەرهەنگی تۆ پڕ دەکەم
هەرچی جوانی سروشت هەیە
لە چاوانتا بەدی دەکەم





## پێشەکی:

زۆرجار لە خەڵکانی ترم دەبیست کە گەشت زۆر سوود بە مرۆڤ دەگەیەنێت و دەبێتە مایەی پەند و سوود وەرگرتن، دیارە گەشت زۆر جۆری هەیە، دەکرێ مرۆڤ بچێتە گەشت بۆ سەیران و کات بەسەر بردن بە خۆشی، یان گەشت بۆ وڵاتانی تر بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە خۆشی و کامەرانی باڵی بەسەر ژیانیاندا کێشاوە.

گەشتی من بۆ هیچ لەم مەبەستانەی سەرەوە نەبووە، دەکرێ بڵێم خولیایەکی تایبەتی خۆم بووە، لەو گەشتانەدا جانتایەك و کامێرایەك و چەند پارچە کاغەزێك هاوسەفەری ڕێگەم بوون و بوونە خەمڕەوێن و خۆشی شادی هێن بۆ دڵی پڕ لە حەسرەت و خەمم، وەك دڵی سەرجەم لاوانی وڵاتەکەم. ساتێ دەگەشتمە ئەو شوێنانە هەستم بە هیلاکی زۆر دەکرد، بەڵام کە کارەکەم ئەنجام دەدا ئارام دەبووم و ماندوێتیم دەحەسایەوە، لەوەش خۆشتر ساتێ لە ڕۆژنامەکاندا پەخش و بڵاودەبوونەوە و کەسانی تر دەستخۆشییان لێ دەکردم هێندەی تر خۆشحاڵ دەبووم.

زۆر لە هاوڕێکانم هانیان دەدام ئەم بابەتانە لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ بکەم لەبەر ئەوەی ژیانی خەڵکی ئێمە پڕە لە نائارامی و جەنجاڵی و دوو دڵی و خەم و خەفەت، هەر بۆیە ئەم بابەتانە دوورن لە هەموو کارەساتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی

باسمان لێوە کردوون، یان دەکرێ بڵێین ئەم ناخۆشی و بێ سەرەوبەرەییەی وڵاتی ئێمە پێویستی بە ئارامگرتن و پشوودان هەیە.

خوێنەری ئازیز: هەر چەندە ئەم گەشتانە زۆر لام مەزن و خۆشەویستن و هەر یەکەیان چەندین یادەوەری لە ناخی منی ماندوو بە دوای ئەو شتە جوان و سەرسوڕهێنەرانەی سروشتی کوردستاندا دروست کردووە، هیوام وایە تۆی خوێنەریش لە کاتی خوێندنەوەی بابەتەکانی ئەم کتێبەدا ئارامیا پێببەخشێت و بۆ چەند ساتێکیش بێت ئاسوودەییت بۆ بگێڕمەوە و دوورت بخەمەوە لە جەنجاڵی و ئاڵۆزی ئەم ژیانە، لە لایەکی ترەوە هیوام وایە بەم گەشتانە توانیبێتم خزمەتێکی کەمم کردبێت بە بواری رۆژنامەوانی و گەل و وڵاتەکەم، تۆی خوێنەریش بە نووسینی سەرنجەکانت دڵم ئارامتر دەکەیت و بۆ داهاتووم رێگەی جوانتر و باشتر دەگرمەبەر ئەگەر تەمەن مەودای دام. هەر شاد بن.

رەووف محەممەد ئالانی
سلێمانی
١ /٦/ ٢٠٠٧





## ئەو پیاوەی لە جەنگی دووەمی جیهانی دا ماوەی پێنج ساڵ سەربازی سوپای ئینگلیز بووە



ئەو پیاوەی لە وێنەکەدا دیارە ناوی (عەبدوڵڵا ساڵح شەریف)ە،ساڵی ١٩١٨ لە گوندی (نۆڕک)ی شارباژێڕ لە دایک بووە

و بە تەمەنترین کەسە لەناو قەزای چوارتا دا. دوای ئەو هەموو مەینەتی و ناخۆشییەی بەسەری هاتووە، ئێستاش توانایەکی باشی هەیە و بیری زۆرباشە و ڕووداوەکانی مێژووی تەمەنی وەك خۆی لە یاد ماوە، لەبەر ئەوەی لەناو سوپای ئینگلیز و لەگەڵ شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر و قازی محەممەددا ڕۆڵی گێڕاوە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ ساز کرد تا بە خوێنەرانی پشووی ئاشنا بکەین.

**+ سەرەتای ژیانت چۆن بوو؟**

– من لە بێشکەدا بووم، واتە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی کە ساڵی ١٩١٨ دەکات باوکم مرد، دایکیشم شووی کردەوە، لەبەر ئەوە لەگەڵ برایەکم و خوشکێکم چووینە ماڵی مامم، مامیشم ژنەکەی مرد و خوشکەکەمانی دا بە ژن بۆ خۆی، لەبەر ئەوەی ئامۆژنم لەگەڵمان خراپ بوو چووینەوە لای دایکمان. پاش چەند ساڵێك چووینە شیوەکەڵ و لەوێ حەوت ساڵ لە ماڵی خاڵم خەریکی شوانی بووم.

**+ هیچ خزمەت کرای لای ماڵی خاڵت؟**





– نەخێر .. بڕوا بکە پێنج ساڵیان هەر پێڵاوم لە پێدا نەبوو، چونکە خاڵم بۆی نەدەکڕیم، پاشان چوومە گوندی نەڵەسو، لەوێش دووساڵ شوان بووم ساڵی بە دینارونیوێك، ئینجا هاتمە بۆسکان لەوێش دووساڵی تر شوانیم کرد ساڵی بە دوو دینار، وردە وردە چاوم کرایەوە و فێری کەسابەت بووم تاساڵی ١٩٣٩ کە جەنگی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد، لەو کاتەدا هاتمە چوارتا و بووم بە ڕەنجبەر تاساڵی ١٩٤٠.

**+ چۆن و کەی بووی بەسەربازی ئینگلیز؟**

– ساڵی ١٩٤٠ کە ڕەنجبەر بووم سەردانی سلێمانیم دەکرد، لەوێ بیستم کە سەربازی (لیڤی)ی ئینگلیز داواکراوە، هەر کەس بچێت مانگی سێ دیناری دەدەنێ، منیش لەبەر بێزاریی ژیانی خۆم چووم خۆم ناونووسکرد و چوومە ناوسوپاوە.

**+ سەرەتا لەسوپادا چیتان دەکرد؟**

– بۆ ماوەی سێ مانگ لە حەبانییە تەدریبمان دەکرد، پاشان بردیانمە بەشی پەڕەشووت، سێ مانگیش لەوێ تەدریبمان کرد.

**+ ئایا لەکاتی سەربازی ئینگلیزدا، هەرلە عێراق بووی؟**

– نەخێر هەر لەوماوەیەدا بردیانین بۆ ئیتالیاو ئیسڕائیل و فەلەستین و میسرو قوبرس.

**+ چەند ساڵتان پێچوو .. چی زۆر ناخۆشتان بەسەرهات؟**

– چوار ساڵمان پێچوو، دوایی هێنایانیانەوە بۆ حەبانییە، ناخۆشترین ڕووداو لەو ماوەیەدا ئەوە بوو شانزە سەعات لە ئیتالیا شەڕمان کرد و خەڵکێکی زۆر کوژرا، حەوت ڕۆژ پێڵاومان دانەنا.

**+ ژمارەی ئەو کوردانە زۆر بوون کە لە سوپای ئینگلیزدا بوون.**

– بەڵێ تا ژمارەکەی من گەیشتبووە (٦٦٤٦) کەس.

**+ تاکەی لەناو سوپای ئینگلیزدا مایتەوە؟**

– تا دوای جەنگی دووەمی جیهان هەر لە سوپادا مامەوە، لە پاش جەنگ ئەو کەسانەی کە پیر بوون (٥٠) دیناریان دەدانێ و دەریان





دەکردن، بۆ ئەوانەی تونایان هەبوو وا نەبوو، دەبوایە تاچوار ساڵی تر لە سوپادا بن.

**+ ئایا ئەو چوار ساڵەت تەواو کرد؟**

– نەخێر داوام کرد مۆڵەتی دوومانگ و موچەشم بدەنێ کە مانگی (٧) دینار بوو، بۆ ئەو کاتە گەیشتبووە ئەوەندە. منیش هاتمەوە نۆڕك و نەچومەوە بۆ سەربازی.

**+ دوای کاری سەربازیی بە چییەوە خەریك بووی؟**

– وازم لە سەربازی ئینگلیز هێنا و خوومدایە خزمەتی کورد، لەو کاتانەدا بوو شێخی نەمر پیاوێکی نارد کە بیبەم بۆ لای قازی محەمەد، ساڵی ١٩٤٦ بوو، پیاوەکەم برد و نامەیەکی پێبوو دامان بە قازی محەمەد و ڕێزێکی زۆری لێ گرتین.

**+ چەندجار نامەت لە نێوان شێخ مەحمود و قازی محەمەددا گۆڕیوەتەوە؟**

– سێ جار نامەم بردووە بۆ هەردوولایان.

**+ ساڵی چەند قازی و هەڤاڵانی لە سێدارە دران؟**

– قازی محەممەد و هەڤاڵانی لەلایەن محەممەد ڕەزا شاوە گیران و ساڵی ١٩٤٧ بوو، پاش چەند ڕۆژێك لە سێدارە دران لە چوار چرای مهاباد.

**+ لە کەیەوە وازت لەهەموو شتێك هێناوە؟**

– لە ساڵی ١٩٥٢ ەوە وازم لە هەموو شتێك هێناوە و خەریکی بژێوی ژیانی خۆمم.

**+ چەند زمان دەزانی؟**

– جگە لە زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی دەزانم.

**+ لە کەیەوە هاتوویتە چوارتا؟**

– لە ساڵی ١٩٨١ەوە لە چوارتا نیشتەجێم.

**+ تەندروستیت چۆنە؟**





– لە خوا بەزیاد بێت زۆرباشم، تاساڵی ٢٠٠١ دەرزیم لە خۆم نەداوە و لەگەڵ کوڕێکم دەژیم و خۆم خەریك کردووە بەم دوکانەوە.

**+ ڕۆژانە جگە لە دوکان خەریکی چیت؟**

– لە دوکانەکەمدا دەخوێنمەوە.

***

پشووی کوردستانی نوێ ژمارە (٣٧) کانونی یەکەمی ٢٠٠٢

## پیاوێك (٧٣) ساڵ بەبێ دابڕان شوان بووە



زۆرن ئەو کەسانەی کە پیشەیەك هەڵدەبژێرن و تەمەنێکی زۆر لەگەڵ ئەو پیشەیەدا بەسەر دەبەن، یان هیچ بوارێکیان بۆ ناڕەخسێ تا وەك کەسانی تر خۆشبەخت بن و باڵی شارستانی بخەنە ژێر سەریان و ئاسوو دەبن، ئەم پیاوە ناوی (حەمە ئەمین ئەحمەد)ە و لە ساڵی (١٩١٠) لە گوندی (قەشان) ی ناحیەی ماوەت لە دایك بووە و لە تەمەنی (١٥) ساڵییەوە خەریکی شوانی بووە تا ساڵی (١٩٩٨)، واتە (٧٣) ساڵ بێ دابڕان، خاڵە حەمە لە





کاتی شوانیدا کارەساتی زۆری دیوە و هاوکاری هێزی پێشمەرگە بووە و لە گوندەکانی دەوروبەری قەشان شوانی کردووە، کاتێ ڕژێم گوندەکانی ڕاگواست چۆتە بازیان و لەوێش هەر شوان بووە، لە دوای ڕاپەڕین دیسان گەڕاوەتەوە بۆ قەشان و دەستی کردۆتەوە بە شوانی، ناخۆشترین بیرەوەری کە هەرگیز لە دڵی دەرناچێ سوتاندنی (١٥٠) سەر مەڕە لە ساڵانی پەنجاکاندا، لەلایەن ناحەزێکی خاوەن مەڕەکەوە لە گەوڕەکەی خۆیاندا.

ئەم پیاوە کوڕێك و دوو کچی هەیە و ئێستا لە ماڵی براکەی لە قەشان دادەنیشێ، بە درێژایی تەمەنی بێجگە لە شوانی هیچ ئیشێکی تری نەکردووە، کەسێکی دڵپاك و دڵسۆزە و لەژیانیدا کەسی لە خۆی زویر نەکردووە.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٢٨٥٧) لە ٢٠٠٢/٩/٩

## ئەو بەرزاییەی لە شێوەی دەموچاوێکی پیردایە



زۆرجار ڕێکدەکەوێت لە شوێنێکیی ئاسایدا بێ ئەوەی کەس دەستی هەبێت لە دروستکردنی، نیگارێک لەسەر بەردێک یان دارێک یان لەسەر بەرزاییەک بە پێی هەڵکەوتەی سروشتی شێوازێک بەدی دەکرێت کە نزیکە لەو شتانەی بەرجەستەن و ڕۆژانە بە چاو دەیان بینین.





لەسەر ڕێگەی قەڵاچوالان – ماوەت کاتێك لە گوندی کێلێ دەردەچیت لە بەرزاییەکی نزیك جادەکە، لە لای ڕاستی ڕێگەی سەرەکی، شێوازی دەموچاوی پیاوێکی پیر بەدی دەکرێت، کە بە شێوەی سروشتی لەسەر شاخەکە دیاری کراوە، مرۆڤ کاتێك لێی نزیك دەبێتەوە دیمەنەکە سەرەنجی ڕادەکێشێت، چونکە شاخێکی بەرزە و هەست دەکەیت جێ دەستی مرۆڤ نییە، بۆیە دەڵێین سروشت پێش مرۆڤ هونەرمەندێکی کارامەیە و هونەرەکەی بەخشیوە بە مرۆڤ یان مرۆڤ زیرەکانە هونەرەکەی لە سروشت وەرگرتووە و لەم بوارەشدا سەرکەوتوو بووە و داهێنانی باشی کردووە، خۆزگە هونەرمەندێك بهاتایە و دەستکاری ئەم شێوازەی بکردایە تا جوانتر و باشتر شێوەکە دەربکەوتایە و خەڵکی یان ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە بە تایبەتی وێنەیان لە تەنیشت بگرتبایە و وەك شوێنێکی گەشتیاری سەیر بکرایە.

هەقە بەرپرسانیش ئاوڕ لەم شێوازانە بدەنەوە و ڕۆڵی تێدا بگێڕن لە چۆنێتی خزمەتکردنیان و زیاتر دەرخستنیان و ڕەنگکردنی تابلۆکانی سروشتی جوانی نیشتمانەکەمان.

***

کودستانی نوێ ژمارە (٢٨٨٨)لە ٢٠٠٢/١٠/١٤

## بابانەکان چۆن ئاویان گواستۆتەوە



ئاشکرایە کە ئەمارەتی بابان رۆڵی گرنگی گێڕاوە لە مێژووی نەتەوەکەماندا، قەڵاچوالانیش وەك لانکی ئەو ئەمارەتە گەورەیەی ئەم وڵاتە پێش گواستنەوەی شار بۆ سلێمانی، پایتەختی ئەمارەتەکە بووە، بۆیە شوێنەوارێکی گرنگی ئەم سەردەمە، ئێستاش هەر کەسێك لە گوندی قەڵاچوالان ئەگەر زەوی بکێڵێت یان خانوو دروست بکات لە کاتی هەڵکەندنی زەوییەکەدا زۆر لە





پاشماوەی بابانەکان بەدی دەکات لە گۆزە و سەبیلی جگەرە و تەنووری نانکردن و گۆڕی ناو گۆزە و شتی تر، ئەوەی مەبەستمانە بە خوێنەرانی ئاشانا بکەین ئەو بۆریانەیە کە لەوێنەکەدا دەیانبینین، چونکە بابانییەکان بەهۆی ئەم بۆریانەوە ئاویان بردووە بۆ شار و بۆ سەر کێڵگەکانیان، خەڵکی گوندی قەڵاچوالان پێیان وتین: گوایە ئەم بۆریانە لە قسڵ و قوڕی سوورکراوە دروست کراون و وا دیارە قاڵبی تایبەت هەبووە و لە کارگەدا بەرهەم هاتوون، بە گوێرەی قاڵبەکان قەبارەیان جیاوازە، شێوەی بۆرییەکان لایەکی بچوکترە لەوی تر لەبەر ئەوەی دوو بۆری بکرێنە ناو یەك و دەوری بۆرییەکانیش بە قسڵ گیراون تا ئاوەکەی لێ دەرنەچێت و کەم نەکات. سەردانی چەند جۆگە و کانییەکی گوندەکەم کرد و بە چاوی خۆم ئەم راستییەم بەدی کرد، لە بینینی ئەم بۆریانەدا بۆت روون دەبێتەوە کە شارستانییەت لەم وڵاتەی ئێمەدا زۆر بڕەوی سەندووە و تەنانەت نەتەوەکانی تری دراوسێمان سوودیان لە شارستانییەتی کورد وەرگرتووە، خۆزگە هەموومان قەدری ئەم نیشتیمانە پڕ لە شکۆمەندە شارستانییەمان دەگرت و ئاوڕێکمان لە کارەکانی باپیرانی خۆمان دەدایەوە و لە میحرابی وەفادا دڵسۆزی خۆمان دەردەبڕی بۆیان.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٢٩١٨) لە ٢٠٠٢/١١/١٨

## ئاوێزانی سروشتی لە تابلۆی دوو دارەکەی خێوەتەدا



ئەم دیمەنەی دەیبینن وێنەی دوو داری تووە لە گوندی خێوەتەی ماوەت، ئەوانەی بەلایدا گوزەر دەکەن بە جوانترین شێوە سەرنجی دەدەن، لەو گوندەدا بە راستی وا هەست دەکرێت تەنها





دارێکە بەڵام لە راستیدا دوو دارن و لە نزیك یەکتری رووەاون و تەمەنیان زیاتر لە (٣٠) ساڵ زیاتر دەبێت.

لەم دیمەنەوە باوەشی ئەمەك و سۆزی سروشت بەدی دەکەین، دەبا ئێمەی مرۆڤیش بەو جۆرە بەهەست و سۆزی بەرزەوە خۆشەویستی و سۆز و برایەتی بکەین بە هەوێن و ئاوێزانی یەکتر بین، تا ژیان گەشتر و خۆشتر و ئارامتر بکەین، دەبا لە جوڵەی گەڵای جوانی درەختەکانەوە فێری ئارامگرتن و خۆشەویستی بین، دەبا دەستەکانمان وەك قەدی دارەکان لە یەك بئاڵێنین و ڕێگەنەدەین سەرفرازی ماڵئاوایمان لێ بکات.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٢٨٩٥) لە ٢٠٠٢/١٠/٢٢

## چنارە گەورەی چوارتا



تەمەنێکی زۆرو یادگاری دڵدارانی هەڵگرتووە زۆرجار رواندنی درەختێك یان دروستکردنی قەلآیەك یان نیگارێك دەبێتە جێگەی سەرنج و تێبینی خەڵکی بۆ سەردەمەکانی دوای خۆی.

لە قەزای چوارتا ئەوەی سەرنجی خەڵکی ئەم ناوچەیەی راکێشاوە چنارە گەورەی چوارتایە کە مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەم ساڵ شارەوانی لەسەر ئەرکی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کە





جێگەی سوپاسە، شورایەکی بە دەوردا کراوە تا بپارێزرێت سەبارەت بەم دارە ئەم زانیاریانەمان لە خەڵکی چوارتا وەرگرت:

پاش ئەوەی ساڵی (١٩٨١) لیژنەیەکی جیۆلۆجی ژاپۆنی سەردانی چوارتایان کرد و پارچەیەك لەم دارەیان بڕی، دوای دوو مانگ بە خەڵکی ئەوێیان وتبوو ئەم دارە تەمەنی ٧٥٠ ساڵە، رووبەری بنکەی ئێستای دارەکە ١٢،٣٧ مەتر دووجایە و لە سێ پەڵی گەورە پێك هاتووە. لە ساڵی (١٩٨٧) رژێم تەقاندویەتییەوە و جگە لەوەش یادگاری زۆری لای دڵداران جێهێشتووە، چونکە ناوی خۆیان بە پیت لەسەر هەڵکەندووە، کە تا ئێستاش هێمای پیتەکان دیارن.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٢٨٣٥) لە ٢٠٠٢/٨/١٥

## دیمەنێکی سەرنجڕاکێش



ئەگەر نیگار کێشێك بە بۆیە و فڵچەی دەستی، نیگاری درەختێك بکێشێت لەسەر بەردێك خەڵك دەکەونە ڕەخنەگرتن لێی





و بە کارێکی مەحاڵی دەزانن، بەڵام لە سروشتدا زۆر لەو نیگارانە دروستکراون کە ڕۆژانە سەرنجیان دەدەین. ئەم وێنەیە وێنەی درەختێکە لەسەر بەردێکی گەورە ڕواوە، وەك هەموو درەختەکانی تر بە پێی وەرزەکان دیمەنی گشتی دەگۆڕێ و لە بەهاراندا سەوز و لە پایزاندا زەرد و لە زستاناندا ڕووت دەبێتەوە. بێ ئەوەی لەو بەردەدا خاك و ئاو هەبێت کە دوو مەرجن بۆ گەشەکردنی ڕووەك، ئەم دیمەنە کە نزیك جادەی گەندی (سوورە قەڵات) بەلای دەستە ڕاستدا، لای خەڵکی ناوچەکە بۆتە باس و دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی سەیر. تەمەنی درەختەکە پانزە ساڵ زیاترە و جۆری درەختەکەش (دارەبەن)ە کە درەختێکە قەزوان و بنێشتی لێ دێتە بەرهەم و لە کوردستاندا ئەم درەختە لە ناوچە شاخاوییەکاندا زۆرە.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٢٩٢٧) لە ٢٠٠٢/١١/٢٨

## ناودانان بۆ شتەکان لە کوردەواریدا



ناودانان لەناو کوردەواریدا بۆ هەموو شتە سروشتییەکان و دەوروبەری ژینگەی مرۆڤی کورد لە کۆندا باوبووە، ئەو ناونانەش لەسەر ئەزموون و هەست پێکردنی ژیانی ڕۆژانە بووە. لە گوندی (واژە) ی شارباژێڕ لە بەشی ڕۆژئاوای گوندەکە لە تەپۆڵکە





بەرزاییەکی زنجیرەییدا دوو داربەڕوو لە تەنیشتی یەك لەو رووتەنە بێ درەختە دەبینرێت وەك لەوێنەکەدا دیارە، ئەم دوو دارە ناویان لێ نراوە (داری مەشکەژێن) ناوەکەشی زۆر لە کۆنەوە دانراوە و نوێ نییە. لە خەڵکی گەندەکەم پرسی بۆچی ئەم ناوەیان لێناوە لە وەڵامدا پێیان وتم: کاتێ رۆژ بەپێی وەرزەکان دەگۆڕێت و شوێنی ئاوابوونی جیاواز دەبێت، ئەوساتانەی لەسەر ئەم دوو دارە رۆژ ئاوا دەبێت وەرزی زۆربوونی بەروبوومی ئاژەڵییە بە تایبەتی شیر و ماست کە ئەمانیش زۆر بوون مەشکە دەژەنرێت، خەڵکی کۆنی ئەم گوندە ئەمەیان کردووە بە ئەزموونێکی ژیانی خۆیان و ناوی دارەکانیش لەوەوە ناونراون،

***

لە بەدرخان تایمزی ژمارە (١٤) ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە

## ڕێز گرتن لە روناکبیران لە سەردەمی بابانییەکاندا



زۆرجار لەناو خەڵکی کورددا وا باوە دەڵێن کورد ڕێز لە کەسانی دڵسۆزی خۆی ناگرێت، هەرچەندە ئەم وتەیە بناغەیەکی تەواوی نییە و ئەگەر بە گومانەوە تێبینی بکەین، هەست دەکەین لە هەندێ رووەوە دەشێ نەتەوەیەك دوژمنانی بە هەموو توانایانەوە بیانەوێ لە نەریتی جوانی خۆی دووری بخەنەوە بە درێژایی مێژوو، ویستی داگیرکەران رۆچۆتە ناخ و دەروونی مرۆڤەکانەوە و زۆری دەوێ تا خۆمان لەو نەریتە خراپەی





داگیرکەران دوور بخەینەوە. ڕێز نەگرتنی کەسانی زانا و رۆشنبیرانیش یەکێکە لەو نەریتە خراپانە کە دوژمنانی کورد خاوەنی بوون، بۆ سەلماندنی راستی بۆچوونەکەمان کە کورد ڕێزی خەڵکی خۆی گرتووە (مەلا محەمەد قامیش) بە نموونە دەهێنینەوە، ئەم زانا ئایینییە لە ناوچەی شینکایەتی ژیاوە لە سەردەمی دەسەڵاتی بابانەکان بەهۆی توانا و لێهاتوویی خۆی پاشای بابان ڕێزی زۆری لێناوە و پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی باشی لە ناوچەکەدا هەبووە و توانیویەتی لەو ناوچەیەدا متمانە و بڕوای تەواوی پاشای بابانی پێببەخشرێت و ببێتە خاوەنی مەدرەسەیەکی ئاینی گەورە لە ناوچەکەدا، هەربۆیە لە کاتی کۆچی دوایی ئەم زانایەدا پاشای بابان مەراسیمێکی گەورە ڕێکدەخات و کێلی گۆڕەکەی کە لە بەردی مەڕمەڕە دیاری پاشای بابان بووە، گۆڕەکەی کەوتۆتە بن شاخێك لە رۆژهەڵاتی قامیش پێ دەچێت. (مەلا محەمەد) مەبەستی بووبێ لەوێ بنێژرێت. شاخەکەش بەناوی مەلا محەمەد ناونراوە لەسەر کێلی گۆڕەکەی بە هەڵکەندراوی ساڵی مردنی لەسەرە کە (١١٩٨) ی کۆچییە کە دەکاتە ساڵی (١٧٧٧) زاینی ئەمە بەڵگەیەکە زانا و رۆشنبیران لەناو کورددا ڕێزیان زۆر بووە. ئەم مێژووەش ڕێکە لەگەڵ سەردەمی ئیبراهیم پاشای باباندا، هەروەها کێلەکان یەکی مەترێك بەرزن و درێژی گۆڕەکە ١٧٠-٢٠٠ سم دەبێت، هەرچەندە لەبەر سەختی

شوێنەکەی تاڕادەیەك پارێزراوە، بەڵام پێویستی بە نۆژەنکردنەوە و شورایەك هەیە بە دەوری داو جگە لەمانە پێویستی بە بردنی جادە هەیە تا خەڵکی بچنە سەردانی و هێمایەك بێت و بۆ ڕێزگرتنی پاشای بابان و نموونەیەك بێت بۆ مێژووی کورد کە چۆن ڕێزی زانایان و ڕۆشنبیران گیراوە.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٣٢٣٠)ڕۆژی ٢٠٠٣/١١/٢٣





## دۆزینەوەی کوپە قەبر



گەڕانەوەیە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو ئەوەی لە وێنەکەدا دیارە کوپە قەبرە لە گوندی بازەگیر لە ناوچەی شاربازێڕ کەوتۆتە باشوری ڕۆژئاوای قەڵاچوالانی پایتەختی میرنشینی بابان و نزیکەی ٣کم لێی دوورە، بە مەبەستی سەیرکردن و بینینی ئەم کوپەیە کە پێشتر هەواڵم لێی هەبوو سەردانی گوندەکەم کرد و لەوێ هاوڵاتی (عەبدوڵڵا شەریف عەلی)م بینی سەبارەت بە مێژووی گوندی بازەگیر وتی: ساڵی١٩٤٩ لەلایەن باوکمەوە کە ناوی (کوێخا شەریف عەلی خوامراد)ە بنیاد نراوە و ناوی (بازەگیر) یش بەدوو مانا دێت یەکەمیان ئەوەیە کە

پێش سەردەمی بابانییەکان کە دەسەڵاتیان زۆر فراوان بووە، وەك لە کوردەواریدا باو بووە، بازی لێ هەڵداوە بۆ دەستنیشان کردنی پاشای وڵات، دووەمیش شوێنی وەرگرتنی باج بووە کە لە خەڵکی پیشەوەر وەرگیراوە، بەو جۆرە بۆتە بازەگیر. مام عەبدوڵڵا بۆی باسکردم کە باوکی ئەو، ئەم گوندەی دروست کردووە، بەڵام بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەکە و بوونی چەندین گۆڕستان لە دەوروبەری گوندەکە مێژوویەکی دوورتری هەیە راستە بۆ جارێکی تر ساڵی ١٩٤٩ نوێکراوەتەوە، چونکە کوێخا شەریف کوردی رەوەند بووە و لەو گوندەدا نیشتەجێ بووە، بەڵگەش ئەوەیە کە هەر جێگایەك لە دەوروبەری گوندەکە چەند مەترێکی لێهەڵکەندرێت کوپەی قەبری لەم شێوەیەت دێتە بەرچاو. هەروەها خەڵکی گوندەکە وتیان تائێستا چەندین کوپە و گۆزەمان دۆزیوەتەوە لەناو باخ و کێڵگەکاندا لە وەڵامی ئەوەی کە ئایا چییان لەناو کوپەکاندا بینیوە خەڵکی گوندەکە وتیان: هەندێك خۆڵی سپی و هەندێکیان ئێسقانی تێدابووە، پێدەچێت خۆڵەکە خۆڵی مردووبێت پاش سووتاندنی مردووەکە بەپێی بیروباوەڕی ئەو کاتە سووتێنرابێت و خۆڵەکەیان کردبێتە ناو ئەو کوپانەوە و لە ژێر گڵ شاردرابنەوە، هیچ گومانی تێدا نییە مێژووی ئەم جۆرە گۆڕانە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (١٥٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا کە دەکاتە پێش هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ کوردستان، چونکە هەموو





دەزانین لە سەردەمی ئیسلامدا مردوو نەسووتێنراوە و نەخراوەتە کوپەوە، کوپەکان لە مادەی قوڕی سوورەکراو دروست کراون و قەبارەشیان جیاوازە لە (٥٠)سم بۆ (١٥٠)سم درێژیانە و پانییەکەشیان (٣٠)سم بۆ (٦٠)سم دەبێت لە دوای قسەکردنێکی زۆر لەگەڵ خەڵکەکەدا وتیان هەندێك رم و نێزەشمان دۆزیوەتەوە. جێی داخە کە هیچ لەوانە لەبەر دەستانەبوون و فەوتابوون، هەرچەندە خەڵك لە کاتی ئیشکردن لەسەر زەوییەکانیان زۆر کوپەیان بەدیکردووە، بەڵام شکاندویانن و نەیان پاراستوون خۆزگە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی تەواوی خۆی دەخستەگەڕ لە پێناوی دۆزینەوە و ئاشنابوونی ئەو نهێنیانەی وڵاتەکەمان کە باپیرانمان ویستوویانە لەناو سنگی خاکدا گەنجینەی بە بەرەکەتی مێژوو هەڵبگرن کە تا ئێستاش ئێمە بە شوێن زانیاری و ئاستی وشیاری و بیروڕای ئەواندا وێڵین کە خولیایەکە بۆ ئاشنابوون لە ژیانی کۆن.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٣٠٨٥)لە ٢٠٠٣/٦/٧

## مەراسیمەکانی سوپای بابان



سوپا ئەو هێزەیە کە لە ڕۆڵەکانی گەل پێك دەهێنرێت بۆ پاراستنی وڵات لە دەستدرێژکاران، نەتەوەی کورد لە هەموو زەمەن و کاتێکدا ئەو جۆرە سوپایەی هەبووە، بەڵام لەو ساتانەی کە کورد ئیماراتەکانی هەبووە سوپا لە ناوچەکانی خۆیان بۆ شەڕ و بەرەنگاریی ئامادەکراون و کاری پێویستی خۆی ئەنجامداوە، بەڵام ساتێ دوژمنانی کورد بەهۆی پیلان و پلانە دوژمنکارییەکانیانەوە بەسەر گەلی کورد زاڵ بوون شێوازی سوپا بووە هێزی پارتیزان و ناوی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماری مهابادا بە کاڵای باڵادا بڕان





و بووەتە جێی شانازی گشت کوردان، ئەوەی من مەبەستمە لەم بابەتەدا لەسەری بدوێم مەراسیمی سوپای ئیماراتی بابانە کە یەکێك بووە لە ئیماراتە گەورەکانی کوردستان و زیاد لە سەدساڵێك حوکمڕانی ناوچەیەکی بەرفراوان بووە کە پایتەختەکەیان لە قەڵاچوالان بووە.

لە گوندی قەڵاچوالان گردێك هەیە پێی دەوترێت (گردی لۆتیان) دیارە ئەم ناوەهی سەردەمی بابانییەکانە، ئەم گردە کەوتۆتە ناوەراستی شاری قەڵاچوالان، ئەوسا وەکو خەڵکی گوندەکە لە باوباپیریان بیستووە دار بەڕووی گەورەی لێبووە و سەکۆی پان و فراوان لە بن ئەم دارانە دروست کراوە و شوێنی سەیران و خۆشی بووە. لە بەشی ڕۆژئاوای گردەکە شوێنگەی سەربازگە و سوپا بووە لەو کاتانەدا سوپا مەراسیمی تایبەتی بۆ کراوە بەهۆی ئەو ئامێرانەی هەبووە بە تایبەتی تەپڵ و دەف، پاشاش لەسەر ئەم گردە سوپای ئیماراتەکەی بینیوە و خەڵکی بە ریز وەستاون تا پێشوازی لە سوپای بابان بکەن، وشەی لۆتی لەو کاتانەدا بۆ ئەو کەسانە بەکار هاتووە کە خەریکی گۆرانی ئەو جۆرە مەراسیمانە بوون، بۆیە گردەکەش بەم ناوەوە ناونراوە ئێستا بەم گردە دەڵێن گردی شێخ حەسەن. پێدەچێت لە پاش ئەمجۆرە مەراسیمانە ناوەکەی گۆڕا بێت بەهۆی بوونی گۆڕی شێخ حەسەن لەم گردەدا، بۆیە هەقە ئێمەی کورد شانازی بەو جۆرە مەراسیمە سەربازیانەوە

بکەین و وا هەست نەکەین لە گەلانی تر بۆمان هاتووە، بەڵکو دەبێت بزانین کە مۆرکی کوردانەی ڕەسەنە و پێش زۆر نەتەوەی تر ئێمە خاوەنی نەریتی مەراسیمی سەربازی بووین.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٣١٩٤)لە ٢٠٠٣/١٠/١٢





## لەسەر شاخی ئەزمەڕ
## مەزارێکی نوێ بۆ نەجمەدین مەلا



مرۆڤ ساتێ تەمەنی کۆتایی دێت و ماڵئاوایی لە ژیان دەکات بەرەو گۆڕەکانیان دەڕۆن، بەپێی کار و کاریگەریان لەناو کۆمەڵدا جێگەی تایبەتیان دەبێت، کۆمەڵی کوردەواریش ڕێزی کەسانی خزمەتگوزار و نیشتیمانپەروەری خۆی گرتووە و پاش مردنیشیان پەپوولەی روحیان لەسەر گوڵی هەستی نەتەوەکەماندا نیشتۆتەوە. مامۆستا نەجمەدین مەلاش یەکێکە لەو کەڵە مەردانەی لە لای

خەڵکی کورد بەگشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی جێگەی خۆی گرتووە لەبەر کاری جوان و بیری بەرزی کوردانەی. پاش کۆچکردنی و بردنی تەرمەکەی بۆ ئەزمەڕ لەسەر وەسیەتی خۆی لەلایەن دڵسۆزی پاراستنی کلتوری کورد خاتوو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد)ەوە لەسەر نەخشە و بیروڕای تایبەتی خۆی داوای لە کۆمپانیای نەورۆز کرد لەسەر ئەرکی ئەو بەرێزە مەزارێك دروست بکرێت بۆ گۆڕی مامۆستا نەجمەدین مەلا.



سەبارەت بە پرۆژەکە ئەندازیار (تەیب جەبار ئەمین) بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە و سەرپەرشتیاری ئەندازیاری پرۆژەکە وتی: ژووری گۆڕەکەی نەجمەدین مەلا لەناو کەشتییەکدایە بەهۆی ئەوەی





حوجرەکەی نەجمەدین مەلا ناوی نا بوو کەشتی نوح کە خەڵکی تێدا فێری خوێندەواری دەکرد. بۆیە هێرۆخان داوای کرد لە شێوەی کەشتیدا بێت هەروەها وتی: پرۆژەکە زۆر لە کارەکانی ئەنجامدراوە و بەم نزیکانە کۆتایی دێت و شاخی ئەزمەڕ هێندەی تر جوان و دڵگیر دەبێت و خەڵکێکی زۆر دەچنە خزمەتی مەزاری نەجمەدین مەلا.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٣١٦٤) لە ٢٠٠٢/٩/٧

## لە قەلاّچوالان
## ئەشکەوتێك بەناوی شێخی نەمرەوە



ئەشکەوت لە کوردستاندا هەمیشە پەناگە و شوێنی مەردان و کوڕانی پارێزەری گەل بووە بە تایبەتی لە کاتی شۆڕش و بەربەرەکانیٚ لەگەڵ دوژمنانی گەلەکەماندا، جا هەر لەبەر گەورەیی ئەو کەسانەی چونەتە ناو ئەو ئەشکەوتانە یان لەو شوێنەدا



ناوێزان بوونی سروشت و مێژوو
ڕەووف محەممەد نالانی

بەرەنگاری دوژمنان وەستاون ئەو ئەشکەوتانە ناوی ئەو کەسانەیان لێنراوە .

لە گوندی قەلاّچوالان لە بەشی باشووری ڕۆژهەلاّتی گوندەکە لەسەر لێواری چەمی قەلاّچوالان لە ژێر گردی شێخ حەسەن ئەشکەوتێك هەیە پێی دەڵێن ئەشکەوتی شێخ مەحمود. ئەم ناوەش لەوەوە هاتووە کە شێخی نەمر لەبەر فڕۆکەکانی ئینگلیز هاتۆتە ناو ئەم ئەشکەوتە، ئەمەش بۆ چەند جارێك بووە خەڵکی گوندەکەش لە خۆشەویستی شێخی نەمر ئەشکەوتەکەیان ناوناوە ئەشکەوتی شێخ مەحمود، تا ئێستاش هەر بەو ناوە ناوزەد دەکرێت .

***

کوردستانی نویٚ ژمارە (٣١٤١) لە ٢٠٠٣/٨/١١

## پیاوێك لە قەڵاچوالان بۆتە سەرچاوەیەكی گرنگی مێژووی شوێنەواری بابانەكان







گێڕانەوەی مێژوو كارێكی سەخت و پڕ بایەخە و هەموو كەس ناتوانێت ئەو كارە بكات، لەبەر ئەوەی لەبەردەم ڕووداو و كارەساتەكاندا بەرپرس دەبێت ئەگەر بێتو بە پێچەوانەوە و لەبەر بەرژەوەندی نەتەوەیەكی تر یان كەسانێكی بەرژەوەند خواز كارەكە كرا، بەڵام ئەگەر بۆ مێژوو ڕووداوەكان بەبێ لایەنی و ڕاستگۆیی تۆمار بكرێن ئەوە دەبێتە سەروەییەكی مەزن بۆ نووسەر و گێڕەرەوەی ڕاستییەكان.

مێژووی نەتەوەی كورد زۆرجار لەلایەن كەسانی بێگانەوە نووسراوە، هەندێكیان بۆ بەرژەوەندی دوژمنانی كورد ڕووداوەكانیان بە حەزی داگیركەران نووسیوە و هەندێكیشیان ڕووداوەكانیان بە شێوەی ڕاست و دروست تۆمار كردووە.

زۆر لە ڕووداوەكانی كوردستان ون بوون و وەك پێویست لە مێژوودا ئاماژەیان پێنەدراوە. مێژووی بابانەكان وەك ئەمارەتێكی گەورەی ئەم وڵاتە و ڕۆڵ و كاریگەرییان لەسەر مێژووی نەتەوەكەمان، بە هەمان دەرد چووە. زۆر لە بابەتە گرنگەكانی مێژووی ئەم ئەمارەتە تۆمار نەكراون، لەبەر ئەوە ڕۆڵ و بایەخی پیاوێكی وەك مام عەبدوڵڵا لە زیندوكردنەوەی شوێنەواری باباندا گرنگی خۆی هەیە. مام عەبدڵڵای كوڕی فەرەجی كوڕی ئەحمەدی كوڕی مەلا عەبدوڵڵای كوڕی عەبدوڵڵای بابانییە، ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی قەڵاچوالان–ی لانكەی ئەمارەتی بابان لەدایك بووە و ئێستا

بە تەمەنترین کەسی ئەم گوندەیە لە وەچەی بابانەکان کە لە ژیاندا مابێ.

لێمان پرسی:

**+ ئایا ئەو شوێنەوارانەت چۆن لە بیرماوە و چۆن زانیاریت لەسەر پەیداکردوون؟**

– لەبەرئەوەی هەر لە منداڵیمەوە لە قەڵاچوالان بووم، لە باوباپیرانم و خەڵکی ناوچەکەوە کە دەماودەم باسی بابانییەکانیان کردووە، منیش حەزم کردووە لێیانەوە فێر ببم و شارەزایی پەیدابکەم، بە تایبەت لەسەر باپیرانی خۆم کە بابانین.

**+ شارەزاییت لەسەر مێژووی بابان هەیە یان لەسەر شوێنەوارەکانی بابان؟**

– لەبەر ئەوەی من کەسێکی نەخوێندەوارم، نەمتوانیوە بگەڕێم بە شوێن سەرچاوەی مێژووییدا، بەڵام ئەو ڕووداوانەی دەماودەم بیستوومن کەمێکی لێدەزانم و لەسەر شوێنەوارەکان زیاتر شارەزاییم هەیە، چونکە خۆم لەناویاندا ژیام و بۆیان باسکردوم و ڕۆژانە بەچاو بینیومن.





**+ چۆن توانیوتە ئەم هەموو شوێنانە بە چاکی بناسیتەوە و لێت تێك نەچوون؟**

– من بە منداڵیش هەر زیرەك بووم و وردبووم وەك باسیان کردووە، جا کە گەورەش بووم بە شوێن زانیاریدا گەڕاوم.

**+ تائێستا کەس سەردانی کردوویت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شوێنەوارەکانی بابانەکان.**

– زۆر کەس سەردانیان کردووم، لەوانە (مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف) شتی لەسەر بابانەکان نووسیوە و باسی منی کردووە، سوپاسی دەکەم.

**+ مام عەبدوڵڵا ناوی شوێنەوارەکانی بابان کە لە فەوتان ڕزگارت کردوون کامانەن؟**

– شوێنەوارەکان زۆرن، لەوانە (قەڵاکانی قەڵاچوالان، گۆڕی دەروێش فەقێ برایم، ماڵی پاشای بابان، شوێنی مزگەوتی بابان،

جۆگەی گەورەی ئاوی بابان، پردی بابانەکان، گۆڕی شێخ محەمەد وەسیم).

**+ مام عەبدوڵڵا باری تەندروستیت چۆنە؟**

– سوپاس بۆ خوا باری تەندروستیم باشە، هەرچەندە چاوەکانم لە رووناکی بینین بێبەشن، بەڵام زۆر دڵم بە قەڵاچوالان دەکرێتەوە و بەهەوای ئەم نیشتیمانە هەناسە دەدەم.

**+ ئەم ئازادییەی ئەمڕۆی کوردستان چۆن دەبینی و چی دەڵێیت؟**

– ئەم ئازادییەی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان بێ وێنەیە و سوپاسی خوای دەوێ و برایەتی ریزەکانی کوردی پێویستە، چونکە بەهۆی تەبایی و برایەتی کوردەوە بە مەنزڵی ئازادی تەواو دەگەین و ناتەبایی هەمیشە ئەو دەردە بووە کە کورد هیچی بە هیچ نەکردووە.

**+ دوا وتەت چییە؟**





– لەکۆتاییدا زۆر سوپاس بۆ ئێوە کە لەگەڵم زۆر هیلاك بوون و دەتانەوێت من بە خوێنەرەکانتان بناسێنن، لە خوای گەورە دەخوازم تەمەنی حکومەتی خۆمان درێژ بکات.

***

گۆڤاری پشووی کوردستانی نوێ ژمارە (٣٨) کانوونی دووەمی ٢٠٠٣

## ئەشکەوتێك لە نێوان حەشارگە و شوێنەواردا



لەسەر بەرزایی شاخێك لە نێوان گوندی خەمزە و گوندی هۆمەراخ لە شارباژێڕ پاش دوو کاتژمێر بەپێ ڕۆیشتن بە هەوراز و هەڵدێرێکی سەخت گەیشتینە رووتەنیی شاخەکە، کونی ئەشکەوتێکمان بەدی کرد، ساتێ چووینە سەر ئەشکەوتەکە





سەرسام بووین لەوەی کە ئەم ئەشکەوتە چۆن بەم شێوازە سروشت خوڵقاندوویەتی.

لە پاش راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ کاتێ گوندەکان ئاوەدانکرانەوە، راوکردنیش وەك خولیایەك لای زۆر خەڵك مابوەوە، لەم دەڤەرەدا چەند کەسێك خەریکی راوکردن دەبن، رۆژێکی سارد و تووش دەچنە بەردەم ئەشکەوتەکە تا گیانلەبەرەکان بێنە دەرەوە و ببنە نێچیری ئەو راوچییانە، بەڵام سەرما زۆریان بۆدێنێ ناچار دەبن لە سەرمانا خۆیان بکەن بە ئەشکەوتەکەدا کە دەچنە ناوی، لە فراوانی و گەرمی سەرسام دەبن و بانگی هاوڕێکانیان دەکەن بۆ ناو ئەشکەوتەکە تا لەو سارد و سەرمایە رزگاریان بێت، لەو کاتەوە ئەم ئەشکەوتە ناوی لێنراوە ئەشکەوتی راوچیان، چونکە یەکەمجار ئەوان دۆزیانەوە، هەر بۆ هەمان مەبەستی سەیرکردنی چوومە ناو ئەشکەوتەکە هەرچەندە تۆزێ بە نارەحەتی دەچیتە ناوی لەبەر پڕبوونەوە و داتەپینی گڵی دەوروبەری، دەرگای ئەشکەوتەکە تەسك بووەتەوە، بەڵام لە ناوەوە لە هۆڵێکی گەورەدەچێت کە (١٠٠) مەتر دەبێت، لەمەش سەیرتر تاقی کۆن لەناو ئەشکەوتەکەدا دەبینی کە لە ریزی کورسی دەچێت دانرابن، جێی داخە ئەم شوێنانە فەرامۆش کراون بەهۆی سەردەمی ژیاری و تەکنەلۆژی شوێنی پێشینەی خۆمان خستۆتە پەراوێز.

داوا لە دڵسۆزان و بەرپرسانی ناوچەکە دەکەین لانی کەم بەردەم ئەشکەوتەکە پاکبکرێتەوە و دەروازەیەکی بۆ بکرێت تا ببێتە شوێنێکی گەشتیاری گرنگ لە ناوچەکەدا و خەڵکی سەردانی بکەن.

***

ژمارە (١١٥) ڕۆژانەی سلێمانی نویٚ ٩ی مایۆی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە





## گۆڕستانێك و مێژوویەكی نادیار



لە مێژووی نوێدا ئەوەی دەبێتە هۆی شارەزابوون و زانینی رابردووی ون شوێنەوارە لەو شوێنەوارانەشدا ئەوەی جێی بایاخ بێت گۆڕ و ئێسك و پروسكی مردووەكانە. لە گوندی دڕەڵەی حاجی كە كەوتۆتە ڕۆژئاوای قەڵاچوالانی پایتەختی كۆنی ئیمارەتی بابان، تەنها دوو كیلۆمەتر لێی دوورە. لەم گوندەدا گۆڕستانێك هەیە پێی دەڵێن (كێلە قنجان) مێژووی ئەم گۆڕستانە نادیارە و لەپاش ئەم گۆڕستانە شەش گۆڕستانی تر لە مێژووی ئەم گوندەدا دروستكراوە كێلی گۆڕەكانی ئەم گۆڕستانە دوو مەتر

بۆ دوو مەترونیو دەبن، لەوەش سەیرتر لەسەر گۆڕەکان داری گەورەی زۆر بە تەمەن روواون خەڵکی گوندەکە سەبارەت بەم گۆڕستانە وتیان بە بیری باپیرانی ئێمە نەبووە وا پێدەچێت گۆڕستانی پێش هاتنی ئیسلام بووبێت بۆ کوردستان، سەبارەت بەناوی گۆڕستانەکە (کێلە قنجان) وشەی قنج بە مانای بەرز و رێك دێت دیارە بە کێلی گۆڕەکان ناویان بردووە هەروەها لەو سنوورەدا ئەو جۆرە بەردانە نییە، وا دیارە لە شوێنی دوور هێنراون بۆ کێلی گۆڕی مردووەکانیان لەو سەردەمانەدا.

***

کوردستانی نویٰ ژمارە (٣٠٨٩) لە ٢٠٠٣/٦/١١ دوالاپەڕە





## جۆگەی کۆنی ئاودێری بابانەکان لە قەڵاچوالان



لەم نیشتمانەدا بۆ یەکەمجار شوێنەوارناسان سەلماندیان کە مرۆڤی کورد داهێنانێکی هێنایە کایە، کە سەرفرازی و کامەرانی بۆ مرۆڤایەتی بەدیکرد، ئەویش بەکارهێنانی زەوی بوو بۆ کشتوکاڵ کە لە سایەیدا مرۆڤ توانیی زیاتر ئاوێزانی خاك بێت و خۆشی بوێت، هەرچەندە داگیرکاری و پەلهاویشتن بۆ داگیرکردن زیاتر سەری هەڵداو مرۆڤی گەیاندە قۆناغێکی جیاوازتر، ئاویش یەکێکە لەو تایبەتمەندییە گرنگانەی کە ژیان لە سایەیدا گەشتر و جوانتربووە. بۆ زیاتر بەدەستهێنانی بەرهەمی کشتوکاڵی، مرۆڤی

کورد بیری لە پرۆژەی ئاودێری کردووەتەوە، ئەوەی لە وێنەکەدا دیارە جۆگەی ئاودێری کۆنی بابانەکانە لە قەڵاچوالان کە بۆ دابینکردنی ئاودێریی کشتوکاڵ بەکاریان هێناوە، درێژی ئەم جۆگەیە لە (٤کم) زیاترە و لە کەناری چەمی قەڵاچوالان هەڵگیراوە و شوێنەواری بە روونی دیارە. ئەم جۆگەیە لە هاویندا بۆ ئاودانی بەروبوومی کشتوکاڵی سوودی لێ بینراوە، لە زەوییەکانی قەڵاچوالانی پایتەختی ئیمارەتی بابان، کە جێگایەکی فراوانی هەیە بۆ ئەم مەبەستە جۆگەکە لە قسڵ و بەرد دروستکراوە و شێوازی ئەندازیاری جوان بەدی دەکرێت لەم پرۆژەیەدا.

مێژووی ئەم جۆگە ئاودێرییە زیاد لە (٣٠٠) ساڵ لەمەوبەرە، گەلی کورد مافی خۆیەتی شانازی بە شارستانیی پرشکۆی ئەم میرنشینەوە بکات و حەقە بەرپرسانیش ئاوڕێك لەم جۆگەیە بدەنەوە و شوێنەوارەکەی لە فەوتان بپارێزن، لەم گەڕان و ناسینە مێژووییانەدا مرۆڤ زیاتر بڕوای پتەو دەبێت بە شارستانیی گەلەکەمان لە رابردوودا، بە بیری مرۆڤایەتی دەهێنینەوە کە ئێمەی کورد هیچمان کەمتر نەبووە لە شارستانی یۆنان و رۆمان و ئەوانی تر لە گشت بوارەکاندا.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٣٣٦٦) لە ٢٠٠٤/٥/١٤





## دۆزینەوەی هێمای خواوەندی میترا لەسەر گۆزەیەکی کۆن



مرۆڤ لە دێر زەمانەوە لەم هەرێمەدا ژیاوە، وەك دیاردە و شوێنەوار و بەڵگەی مێژوویی ئەو راستییە دەسەلمێنن هەزاران پاشا و میر وەك دەسەڵاتدار و ئاییندا وەك بیروباوەڕ بەپێی سەردەمەکانی مێژوو تێپەڕبوون و گۆڕان بەسەر رەوشی ژیان و شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤدا هاتووە، لەسەر زەوی نیشتیمان چەند جوانی و بەردەوامی ژیان هەیە لە ژێر زەویش بە جۆرێکی

تر چەندین نهێنی مێژوویی و کانزا و مادەی نەزانراوی هەیە، مرۆڤ بەهۆی توانای ژیری توانییە لە هەندێکیان سوودمەند بێت و زۆریشیان دەستی بەکارخستن و بیری مرۆڤی نەگەیشتۆتێ زۆر لەو نهێنیانەش کە ئەمڕۆ بە دوای دەگەڕێین هەر مرۆڤ پەنهانی کردوون لە ژێر سنگی خاکدا، لە گوندی واژەی شارباژێڕ کە گوندێکی زۆر کۆنە، ساتێ باسی کوپە و گۆزە و گۆڕستانی کۆن و شوێنەوارەکانیان بۆ کردم داوام کرد کە شوێنەکان ببینم ساتێ گۆزەیەکی شکاویان نیشاندام بینیم ئەم هێمایەم بەدی کرد (  ) کە لە هێمای نازیەکانی ئەڵمان دەچوو کەس لە ناوچەکە لە مانای تێنەدەگەیشت، بۆیە سەردانی مامۆستای شوێنەوارناس (عەبدول ڕەقیب یوسف) م کرد ئەویش بەلایەوە زۆر جێی بایەخ بوو هەندێ زانیاری پێبەخشیم جێی سوپاسە.

وەك لەو ێنەکەدا دیارە ئەمە خاچی شکاوە کە نیشانەی خواوەندی ئاسمان (میترا–میپرا– مهر)ە کە خودانی عەدالەت و یەکسانییە، خودای دەسەڵاتدار لە خۆر کە تیشکەکەی بە هەر چوارلای جیهان بڵاو دەکات خواوەندی خۆریش لە ژێر دەسەڵاتی ئەودایە. ئەمجۆرە خاچە نیشانەی میترایە کە دیانەتێکی ئاری کۆنە و لە زەردەشتی کۆنترە کە پاشماوەی ئاینیی یەزیییەکانە لە کوردستان، هەروەها لە هیندستان پێش





سێ هەزار ساڵە لەمەوبەر ئەمجۆرە ئایینە هەبووە، لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و تا هەموو ئەورووپا بڵاوبووە، چەندین ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیش لەسەر ئەم ئاییی میترایە بوون پێدەچێت ئەم وڵاتەی ئێمە سەرچاوەی پەیدابوونی ئایین و شارستانی بووبێت، بەڵام بەهۆی داگیرکاری و هاتنی ئایینە نوێیەکان ئەم شوێنەوار و ئایینە کۆنانە بەر پەلاماری داگیرکاری کەوتن و بە مەبەست شوێنەواریان سڕابێتەوە.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٣١٣٥) لە ٢٠٠٣/٨/٤

## شوێنەواری پردی کۆنی بابانەکان



یەکێك لەو کارە شارستانییانەی مرۆڤ پێیگەیشت دروستکردنی پردبوو، بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە هەیەتی بۆ دەستگرتن بەسەر سروشتدا. دیارە کوردیش وەك نەتەوەیەکی خاوەن شارستانی هەر لە کۆندا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لە گەیشتن بە شارستانی بەپێی سەردەم و کاتەکانی مێژوو.





میرنشینی بابان کە زیاد لە سەدساڵ پایتەختەکەی لە قەڵاچوالان بووە، پێش ئەم میرنشینەش قەڵاچوالان هەر شوێنێکی کۆنی مێژوویی بووە، وەك سەرچاوە مێژووییەکان باسی دەکەن. یەکێك لەو شوێنەوارە گرنگانە پردی کۆنی بابانیەکانە لە قەڵاچوالان، ئەم پردە لە کۆنەوە ناوچەی شارباژێڕی بەستۆتەوە بە ناوچەکانی ترەوە، هەر لە سەرەتای دروستکردنی میرنشینەکەوە بیر لە دروستکردنی پرد کراوەتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی لەم ناوچەیەدا بەرتەسك نەبێت و بە باشی بتوانێت تەمەنی میرنشینەکە درێژبکاتەوە, لەبەر گرنگی ئەم پردە وەك شوێنەوارێکی کۆنی میرنشینی بابان بە خوێنەرانی دوا لاپەڕەی کوردستانی نوێی بناسێنین، سەردانی چەند کەسێکی بە تەمەنی گوندی قەڵاچوالانم کرد و لەگەڵیاندا دووام، سەبارەت بە شوێنی پردە کۆنەکە وتیان: لە سەردەمی بابانەکاندا لە باشوری قەڵاچوالان دروستکراوە و شوێنێکی گونجاو و لەباریان دیاری کردووە بۆ پردەکە، هەربۆیە پردە نوێیەکە لەساڵی ١٩٤٠ لە هەمان جێگەی پردە کۆنەکە دروستکراوە، سەبارەت بە پێکهاتەی پردە کۆنەکە کە لە چی دروستکراوە، خەڵکی گوندەکە وتیان لە بەرد و قسڵ دروستکراوە هەروەها دەوروبەری پردەکە لە بەرد دروستکراوە و بە قسڵ قایم کراوە تا لە مەترسی لافاو پردەکە بەدوور بێت و بنکۆڵ نەبێت، لەبەر ئەوەی پردەکە بە تەواوی

نەماوەتەوە، درێژی و پانی و بەرزی پردەکە نازانرێت، بەڵام چەند پایەیەکی ماوە وەك دەردەکەوێت پێدەچێت لە سەردەمی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای بابان ئەم پردە دروستکرا بێت و دارەڕا کراوەبۆ پەڕینەوە و هاتوچۆی خەڵکی قەڵاچوالان لە سەردەمی بابانەکاندا.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٢٩٨٨) لە ٢٠٠٣/٢/١٥





## ئەو پیاوەی یانزە ساڵە ئەشکەوتی کردووە بە ماڵ



بۆ بینین و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو پیاوەی بۆتە جێی سەرنجی خەڵکی ناوچەکە، سەردانی ناحیەی ماوەت-مان کرد و لەوێوە دوو سەعات بەپێ ڕۆیشتین تا گەیشتینە (بەردبەرد)کە ناوچەیەکە لە سنووری ماوەت ڕێگایەکی دوور و سەرەوخوارکێی زۆر و پڕ بە پێستی ناوەکەی بەردبەردە، پێش گەیشتنمان بۆ ئەشکەتەکەی دەروێش عەبدوڵڵا دیمەنی گابەرد و سەختی ناوچەکە سەرنجی ڕاکێشاین، بۆیە چەند وێنەیەکمان گرت.

ئەو شوێنە چۆڵ و سەختە بە ڕۆژیش جێی مەترسییە تۆ بڵێی ئەو پیاوە چۆن ژیان بەسەر ببات لەو شوێنەدا، عەبدوڵڵا حەمە ڕەش ناسراو بە دەروێش عەبدوڵڵا ساڵی (١٩٥٥) لە ماوەت لەدایك بووە و زۆر حەزی لە تەنیاییە و لەبەر بێ جێوشوێنی ساڵی (١٩٩١) دوای کۆڕەوەکەی گەلەکەمان، ڕووی کردۆتە بەردبەرد و ئەوێی هەڵبژاردووە بۆ مانەوە و بەسەربردنی کاتەکانی تەمەنی.

لە وەڵامی ئەوەی ئایا هەست بە بێزاری ناکات بە تەنیا لەم شوێنەدایە، وتی: نەخێر بێزار نیم و ڕاهاتووم و ناترسم و هیچ جۆرە چەکێکم نییە و رقم لە چەکە، تا ئێستا لە زستانیشدا هیچ هۆیەکی گەرمکردنەوەم بەکارنەهێناوە، هەرچەندە ئەشکەوتەکە زۆر ساردە، هەروەها وتی: خەڵك سەردانم دەکەن و منیش زۆرم پێخۆشە و هەموو خەڵکم خۆشدەوێت و لە کەس بێزار نیم، لە ئەشکەوتەکەدا جگە لە چەند مارێکی خۆم هیچ گیانەوەرێك لەگەڵم ناژی، ئەوەی جێی سەرنج بوو لەناو ئەشکەوتەکەدا هیچ ڕاخەرێك بەدی نەدەکرا بێجگە لە چەند مقەبایەك.

لە وەڵامی ئەوەی چۆن خواردن دروست دەکات و چۆن نان دەکات وتی: خواردنی ئاسایی لێدەنێم نانیش لەسەر لەوح و ئاسن دەکەم لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە ئاگر دەکەمەوە و بە پارەی قەزوان و قامیش کە بەکۆڵ دەیبەم بۆ ماوەت و بە خەڵکی دەفرۆشم خۆم دەژێنم، هەروەها وتی هەر چەندە لە منداڵییەوە جگەرە دەکێشم،





بەڵام تەندروستیم باشە و لەوەتەی بیرم دێت نەچومەتەلای دکتۆر، هەر سەبارەت بە ناخۆشترین ڕووداوی ژیانی خۆی وتی: ناخۆشترین ڕووداو کە هەرگیز لە یادم ناچێتەوە جیابوونەوەی هاوسەرەکەم و مردنی مناڵەکەم بوو.

هەروەها وتی لە کاتی زستاندا زۆرجار خواردنم لێدەبڕێ و پارەشم پێ نامێنێت، بەڵام دوکاندارەکانی ماوەت بە قەرز پێویستییەکانم دەدەنێ و منیش دوایی قەرزەکانیان دەدەمەوە، جگە لەوەش ئەم پیاوە دڵپاك و بە ئارامە ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا تاساڵی ١٩٨٨، جگە لەوەش برایەکی شەهیدە بە ناوی ئیسماعیل بەڵام تا ئێستا هیچ ئاوڕێکی لێنەدراوەتەوە. دوای ئەوەی کە زۆر قسەمان لەگەڵ کرد بۆمان دەرکەوت ئەگەر ئاوڕێکی لێبدرێتەوە، ئەگەر بتوانرێت تەنها ژوورێکی بۆ دروست بکرێت لە ماوەت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ژیانی ئاسایی خۆی.

لە دوا وتەماندا دەڵێین هەقە ئەشکەوتەکەی بەردبەرد و مرۆڤێك لەو تەنیاییە رزگار بکەن و بیهێننەوە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٢٨٩٠) لە ٢٠٠٢/١٠/١٦

# ئەشکەوتی سیچڕ



لانەی گیانەوەران و گەنجینەی بەروبووم بووە ئەشکەوت، وەك مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە یەکەم ماڵی مرۆڤ بووە، پاش ئەوەی مرۆڤ گەیشت بە شارستانی زۆرجار ئەشکەوت مرۆڤی پاراستووە لە دوژمنان، بە تایبەتی مرۆڤی کورد تووشی نەهامەتی و ئازاری دەستی نەتەوەکانی دراوسێی بۆتەوە، بۆ پاراستنی گیانی خۆی و کیانی نەتەوەیی دیسان ئەشکەوتی کردووە بە شورەی پارێزەری خۆی و بەهۆی بۆردومانی دوژمنان رووی تێکردووە و تێیدا ماوەتەوە، زۆرجار ئەشکەوت مێژووی سەردەمێکی تێدا





تۆمارکراوە بەهۆی هەڵکۆڵینی وێنەی پاشا و نووسینی سەردەمی خۆی.

لە گوندی دڕەڵەی حاجی تەنیشت قەڵاچوالان ئەشکەوتێك هەیە پێی دەڵێن ئەشکەوتی سیچڕ، دیارە بەناوی گیانەوەرەکەوە ناونراوە کە (سیچڕ)ە، ئەویش گیانەوەرێکی درێژکۆلەیە و لە رێوی بچوکترە و کێشی لە نێوان ٦-١٢ کیلۆگرام دەبێت.

لە کۆندا ئەم گیانەوەرە لە ناوچەکەدا بە زۆری رووی لەم ئەشکەوتە کردووە و بەوناوە ناونراوە، خەڵکی گوندەکە وتیان لە کاتی بۆردومانی دووژمندا هانامان بۆ بردووە و خۆمان تێدا شاردووەتەوە و زۆرجاریش وەك گەنجینەی بەروبووم بەکارمان هێناوە و بە دیارییەوە بووین تا گیانداران نەیخۆن، هەروەها وتیان ئەگەر لەناو ئەشکەوتەکە ئاگر بکرێتەوە لە هەموولایەکی دووکەڵ دێتەدەر کە دووری ئاگرەکە و دووکەڵەکە ١٠٠ مەتر دەبێت، ئەمە بەڵگەی قوڵی ئەشکەوتەکەیە، جگە لە سیچڕ گیانداری تر دەکەونە بەر تەڵەی راوکردن، وەك رێوی و چوالو کەروێشك. خۆزگە هەموومان نرخ و بایەخی مێژووی ئەشکەوتەکانمان دەزانی و لە کاتی خۆشی و سەیراندا روومان تێدەکردن، نەك بە تەنها بۆ خۆپاراستن و مانەوەمان لە تەنگانەدا.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٢٩٧٦) لە ٢٠٠٣/١/٣٠

## درەختێك تەمەنی لە (٧٠٠) ساڵ زیاترە



کوردستان بەهۆی سەختی ناوچەکە و سارد و سەرمای زستانییەوە، خەڵکەکەی بۆ سووتاندن داریان بەکارهێناوە. لە زۆر شوێنی ئەم وڵاتەدا درەختی زۆر بە تەمەن ماون کە بەر شاڵاوی سووتان نەکەوتوون، ئەو شوێنانەش زیاتر گۆڕستانەکان بووە، لەبەر پیرۆزییان نەبڕدراون یان لە شوێنی زۆر سەخت و دوورن کە دەستی مرۆڤی نەگەیشتووەتێ، لەناو گۆڕستانی گوندی دڕەڵەی





حاجی، درەختێکی بە تەمەن هەیە پێیدەوترێت، (دارە مەحمود) کە تەمەنی زیاتر لە (٧٠٠) ساڵ دەبێت، بەناوی کەسێکی گاوانی پیاوچاك ناونراوە. خەڵکی گوندەکە دەیانوت: سێ داری گەورە بووە، بەهۆی ڕووداوی سروشتییەوە (هەورەبروسکە) دووانیان شکاون و ئەم دارەیان ماوە و زۆرجار قورسیی دارەکە و پەرش و بڵاوی پەلەکانی، وایانکردووە بشکێت و هەڵبداتەوە، هەندێکجار خۆیان دایانهێناوە تا دارەکە نەشکێت و کۆتایی بەو تەمەنە درێژەی نەیەت. ئەم دارە دیمەنی گوندەکەی ئەوەندەی تر جوان کردووە.

***

کوردستانی نوێ پاشکۆی بوژانەوە (٨) ژمارە (٢٩٦٧) لە ٢٠٠٣/١/٢٠

## شاخی قەڵێ



لە کۆندا بۆ دیاریکردنی کات بەکارهاتووە! پێش ئەوەی کاتژمێر دروستبکرێت و بگاتە ئەم وڵاتەی ئێمە، مرۆڤی کورد





چەند شتێکی سروشتی لەو شتانەی لە ژینگەکەیدا هەبوون بۆ زانینی کات بەکاری هێناوە بەهۆی رووناکی و سێبەر کە کەوتووەتە سەر ئەو شوێنە دیاریکراوانەی بەپێی ئەزموون بۆیان دەرکەوتووە، ئەو شوێنانەش وەك دار و بەرد و شاخەکان بەهۆی چۆنێتی بەرکەوتنی تیشکی خۆر یان لە شەودا بەهۆی قەبارەی مانگ و دیاردەی سروشتی ناو ئاسمان بەو کەسانەشیان وتووە ئەستێرەناس، کاتیان دیاری کردووە. ئەوەی مەبەستمە باسی بکەم شاخی قەڵێ-یە کە کەوتووەتە باکووری رۆژئاوای قەزای چوارتا، کاتێ لە قەزاکە دەردەچین بەرەو سەرسیر هەنگاو دەنێی شاخێکی بەرزی پیری تەمەن نادیار کە لە تاوێرە بەردی گەورە پێك هاتووە و ناوچەکەی خستووەتە ژێر رکێفی خۆی و لە ئامێزت دەگرێ و پێشوازیت لێدەکات. لەناو ئەو شاخەشدا بەردێك هەیە پێی دەڵێن بەردی قەڵێ هەر بەهەمان ناوی شاخەکەوەیە لە شاخەکە نزیك بوومەوە و جوان سەرنجم دا کونی زۆری تێدایە کە بووە بە هێلانەی قەلەڕەشە کە ئەویش باڵندەیەکی گەورەی گۆشتخۆرە، هەرچوار وەرزەکە قەلەرەش لەم شاخە نابڕێ، بۆیە پێی دەڵێن شاخی قەڵێ هەر بەناوی باڵندەکەوە ناودێرکراوە.

خەڵکی قەزای چوارتا پێیان وتم لە زەمانی کۆندا باپیرانمان ئەم شاخەیان وەك کاتژمێر بەکار هێناوە بۆ بەسەربردن و زانینی

کاتەکانی ژیانیان بەهۆی بەرکەوتنی هەتاو بەسەرلاکانی شاخەکەدا هەر بە تەنها خەڵکی چوارتا سوودمەند نەبوون لێی، بەڵکو گوندەکانی دەوروبەریش بۆ هەمان مەبەست سوودیان لێی وەرگرتووە، تۆ بڵێی چەندین شاخی قەلێی تر لەم نیشتیمانەدا هەبوو بن تا باپیرانمان کاتەکانی تەمەنیان پێ بەڕێ کردبێت و ئێمەش بەهۆی کاتژمێرەکانی دەستمان ئەو شوێنانەمان فەرامۆش کردووە.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٢٩٤٧) لە ٢٠٠٢/١٢/٢٥





## دۆزینەوەی کارێزێکی کۆن لە شارباژێڕ




هەر ساڵێك لە وەرزی زستان و بەهاردا باران کەم ببارێت یان نەبارێت، پێیان وتووە وشکەساڵ: دووساڵ لەمەوبەر کە وشکەساڵی بوو لە گوندی دڕەڵەی حاجی نزیك قەڵاچوالان بەهۆی کەم ئاوی، کەسێك بە ناوی (جەمال دەروێش محەممەد) لەسەر زەوییەکەی خۆی توترکێك هەڵدەکەنێت، لە کاتی هەڵکەندنیدا کارێزێکی ئاو کە ساڵی دروستکردنی نادیارە و بە تەمەنی باوباپیرانیان نییە دەردەکەوێت ئەم پیاوە بە دوای دیواری

کارێزەکەدا دەچێت و تووشی ئاو دەبێت کە بە تەواوی هەڵیدەکەنێت بە ئاگاداری خەڵکی گوندەکە زیاد (١٠٠) بەرمیل ئاوی پەنگ خواردو بە پەستانێکی زۆر دێتە دەرەوە و لافاوێکی زۆر بەرزدەبێتەوە لەو ئاستەدا، لەو کاتەوە ئاوەکە بە مەبەستی کشتوکاڵ کردن بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە گوندەکە ئاویان کەمە، بەڵام ناتوانن سوود لەم ئاوەببینن بۆ خواردنەوە، چونکە ئاوەکە نزمە و دوورە لە گوندەکەوە، هەرچەندە ئاوەکە بەوجۆرەی یەکەم جار زۆر نییە، بەڵام جێی بایەخ و گرنگی پێدانە کە لە کۆندا کورد چەند گرنگی بەکارێز و ژیانی ژیاری و ئاوەدانی وولاتی خۆی داوە.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٢٩٥٦) لە ٢٠٠٣/١/٦ پاشکۆی بوژانەوە (٧) بڵاوکراوەتەوە





## بەردێك لەواژەی شاربازێڕ
## وەرز و ڕۆژەکانی ساڵی پێ دیاری کراوە



مرۆڤ پێویستە مێژووی خۆی لە بیر نەکات و هەنگاوەکانی ڕێگەی گەیشتن بە شارستانی نابێت فەرامۆش بکات، وەك دەڵێن (بڕینی ڕێگەیەکی دوور لە هەنگاوێکەوەیە) ئەم زەمەنەی کە ئێستا ئێمەی تێدا دەژین هەروا بە سانا مرۆڤ پێی نەگەیشتووە، بەڵکو بەری ڕەنجی هیلاکی و ماندووبوونی باپیرانی هەمووانە. لەناو

کوردەواریدا پێش ئەوەی وەرزەکان دیاری بکرێن و کات و سات بۆ ڕۆژ دابنرێت بەهۆکارە سروشتییەکان و بەهۆی ئەزموونی خۆیان ئەو کارەیان کردووە و زانیومانە زەمەن بە ڕێکی بە ڕێبکەن. ئەویش بەهۆی دیاردەی سروشتی و دیاریکردنی شوێنەکان، لە گوندی واژەی شارباژێڕ لە بەشی ڕۆژئاوای گوندەکە بەرزاییەکی رووتەن هەیە بەردێکی لێیە لە کێلی گۆر دەچێت پێی دەڵێن (بەردی مەردەك) کە بە مانای (مەڕمەڕ)دێت خەڵکی گوندەکە ئەم بەردەیان بەکارهێناوە بۆ ناسینەوەی وەرزەکان و دیاری کردنی کات بەهۆی تیشکی خۆر و چۆنێتی بەرکەتنی، خەڵکی گوندەکە وتیان لە کۆندا لە ڕێکی ئەم بەردە بەو گردەوە چەندین بەردی تر دانراوە دیارە هەریەکەیان هێمایەك بووە بۆ خوێندنەوەی وەرز و مانگەکان، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە گەلی کورد چەند گرنگی بە باری کات و بەڕێکردنی کاتی داوە کە هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە شارستانی و ژیاری.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٣١٣١)لە ٢٠٠٣/٧/٣٠ بڵاوکروەتەوە





## گۆزەیەك بەم دەستە ڕەنگینانە بە (١٠٠) فلس



ئەوەی لە گەشتە ڕۆژنامەوانییەکەمدا لە گوندی قامیشی ناوچەی شینکایەتی شارباژێڕ سەرنجی ڕاکێشام (فاتیمە ڕەسوڵ ئیبراهیم)ی تەمەنی (٧٠) ساڵە بوو، کە لەو گوندەدا لە خانوویەکی گڵدا لەگەڵ کچە کەمئەندامەکەی ژیان بەسەر دەبەن.

فاتیمە و کچەکەی، بێئەوەی دەست لە هیچ کەس پان بکەنەوە، سەربەرزانە بە بەخێو کردنی مانگا و هەنگ ژیانیان دەبەن بەڕێوە.

جگە لەوانە ئەم ژنە بەدەستڕەنگینی ناسراوە و هونەرمەندێکی جوانی خوێندنگەی کوردەوارییە، ئەو خۆی خەریك دەكات بە دروستكردنی گۆزە و قاپی قوڕ و زۆر شتی جوان، ئەوەی لەو ێنەکەدا دیارە نموونەیەکی بەرچاوە لە هونەری پڕ لە سیحری ئەم ژنە کوردە، ئەو دەیوت: لە کۆندا گۆزەیەکم دەفرۆشت بە (١٠٠) فلس، بەڵام چەند ساڵێك لەمەوبەر دانەی (١٥) دیناری دەكرد، هەرچەندە بەهۆی هەڵکشانی تەمەن تاقەتم کز بووە، بەڵام هەرکار دەکەم تا دەمرم!

هەروەها وتی: دڵم زۆر بە گوندی قامیش دەکرێتەوە چونکە جێی نزرگەی باو باپیرانمە، ئەم ئازادیەی ئەمڕۆ نمونەی نەبووە داوا لە یەزدان دەکەم ئەزموونەکەمان پایەدار بکات.

***





## با هەموومان ئامین تاقانەکەی حەسەن زیرەك بناسین



کەس نییە گوێی لە دەنگی هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەك نەبوو بێ کە تامەزرۆی هونەری گۆرانی بێ، لەو گۆرانیانەدا ناوی ئامین تاقانە زۆر وتراوە و کەسیش بە تەواوی نازانێ ئەم ئامین تاقانەیە کێیە؟

بۆیە بە پێویستمانزانی سەردانی مەلا ئەحمەد ڕەحمان بکەین کە کاتی خۆی لە نزیکەوە ئامین تاقانەی ناسیووە، لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا بەم شێوەیە بۆمان دوا:

**+ چۆن ئامین تاقانەت بینیوە؟**

– بە فەقێیەتی زۆر شوێن گەڕاوم لە ئێران و عێراقدا. بۆ خوێندن چوومە گوندی (دەربەند) لە چەمی گادەر سنوری شنۆ و نەغەدە

ئەو گوندە ئەوکاتە (١٥) ماڵ ئەبوو، ئامین تاقانەیش خەڵکی ئەو گوندەیە.

**+ بۆچی پێیان ئەوت ئامین تاقانە ئایا براو خوشکی تری نەبوو؟**

– نەخێر، خوشکی هەبوو ناوی (سەکینە) بوو براشی هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوە ناویان نابوو تاقانە چونکە جوان بوو. کچێکی باڵابەرز و چاورەش و گەنم ڕەنگ بوو، کەواتە ناوی تاقانەیان لێ نابوو لەبەر جوانییەکەی، لەگەڵ ئەو جوانییەشدا کچێکی ڕەوشت بەرزو سەلار بوو.

**+ کەی ئامین تاقانەت بینی؟**

– ساڵانی پەنجاکان بوو نازانم چ ساڵێ بوو بۆماوەی ساڵێك لە دەربەند فەقێ بووم تا من لەوێ بووم شوی نەکردبوو، بەڵام داخوازی زۆر بوو بە هەموو کەس ڕازی نەدەبوو. ئەوکاتە لە شنۆ بووم کە بیستم حەسەن زیرەك گۆرانی بەسەر ئامین تاقانەدا وتووە هەر ئەو هونەرمەندە گەورەیە بوو ناوی زۆر کیژی تری بە خەڵك ناساندووە کە جوان بوون، لە کوردستاندا ئامین تاقانەیش یەکێك بووە لەوجوانانە.

***





## پێشمەرگەیەکی دێرین ئامێرێك دروست دەکات



پێشمەرگە جاران ڕووبەڕوو بوو لەگەڵ مەرگ لە پێناوی گەل و نیشتیمان دژ بە داگیرکەران دەجەنگا و داستانی سەروەری نەتەوەیی تۆماردەکرد بۆیە ناوی پێشمەرگە پیرۆزترین وشەی سەرزاری خەڵکە، لە پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان پێشمەرگە جگە لەبەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین، بە گیانی سەردەم هاتنەوە ناو کۆڕی خەباتی ژیان و ئاوێتەی ژیانی شارستانی بوون.

ئەم پیاوەی لە وێنەکەدا دیارە ناوی (بورهان ئەبوبەکر ڕەشید)ە پێشمەرگەی دێرینی (ی.ن.ک)ە پاش چەند ساڵ خەباتی شاخ ئێستا خانەنشین کراوە و دوکانی ئاسنگەری هەیە لەناو قەزای چوارتادا جگە لە کاری ئاسنگەری هەستاوە بە دروستکردنی ئامێری دروێنە کردن واتە (دەڕاسە) بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ساز بدەین و خوێنەرانی لێ ئاگادار بکەینەوە.

**+ کاك بورهان ساڵی چەند و لە کوێ لە دایك بووی؟**

– ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی خمانەی نزیك چوارتا لە دایك بووم.

**+ چی وای لێکردی ئەم ئامێرە دروست بکەیت؟**

– لەبەر نەبوونی ئامێری دروێنەکردن لە ناوچەکەدا بیرم کردەوە کە ئەم ئامێرە دروست بکەم.

**+ ئامێرەکەت لە چ مادەیەك دروست کردووە؟**





– ئەم ئامێرەم دروست کرد لە ئاسنی بێ کەڵك تا جارێکی تر سوود لەو مادانە وەربگرین کە کەڵکیان نەماوە و بەکاریان بێنینەوە.

**+ کێش و قەبارەی چەندو چۆنە؟**

– دوومەتر و ١٥سم پانە و ٧٥سم بەرزیەتی و قورسیەکەی ٤٥٠ کیلۆگرامە.

**+ ئاستی کارەکەی چۆنە؟**

– دەتوانێت لە سەعاتێکدا کاری چوار کرێکار بکات بەهۆی تراکتۆرەوە.

**+ تا ئێستا کەس هاوکاری کردوویت؟**

– نەخێر کەس هاوکاری نەکردووم، ئەگەر هاوکاریم هەبێت ئامێری تر بەرهەم دێنم، چونکە هاوکاریکردن هۆکارێکە بۆ بەردەوام بوون و پێشخستن.

**+ ئاستی خوێندەواریت تاچەندە؟**

– لەبەر بارودۆخی تایبەتی تانها تا سێیەمی ناوەندیم خوێندووە.

**+ ئاواتت چییە؟**

– سەرفرازی گەلی کوردستان و شادبوونی گیانی شەهیدان.

**+ زۆر سوپاست دەکەین و هیوامان سەرکەوتنتە.**

– منیش سوپاسی ماندوبونی ئێوە دەکەم.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٣٠٩٥)لە ٢٠٠٣/٦/١٨ دوالاپەڕە





## ئەو گوندەی جگەرەکێشی تێدا نییە!




ئەوەی لەناو قەزای شارباژێڕدا بۆتە جێی باس و لێدوان ئەو گوندەیە کە جگەرەکێشی تێدا نییە، ئەویش گوندی(سامان)ە کە ٣کم کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی قەڵاچوالان، ئەم گوندە لە ساڵی ١٩٤٠ دروستکراوە و ڕژێم ساڵی ١٩٨٧ سووتاندوویەتی و چۆڵکراوە، لە پاش ڕاپەڕین ئاوەدانکراوەتەوە و ئێستا ١٥ ماڵ دەبێت ژمارەی دانیشتوانی ١٠٠ کەس دەبن، لەم گوندەدا کەس جگەرە ناکێشێ، سەبارەت بە جگەرەنەکێشان خەڵکی گوندەکە وتیان زۆر بە کەمی

لەم گوندەی ئێمەدا جگەرە کێشراوە، هەندێ جار برا یان کەسی خۆمان جگەرەی کێشاوە کەس هاتوچۆی نەکردووە، بە ناچاری لە جگەرەکێشان دوور کەوتووەتەوە، هەروەها وتیان کاتێ میوانی جگەرەکێشمان دەبێت زۆر بێزار دەبین، بەڵام بە ناچاری هیچ قسە ناکەین و پێی ناڵێین نەیکێشێت، لە بارەی ئەوەی کە ئاواتیان چییە بۆ ئەم مەسەلەیە؟ وتیان ئاواتمان ئەوەیە ئەم کارەی ئێمە پێی هەستاوین هەموو ناوچە و شار و شارۆچکەکانی ئەم کوردستانە بگرێتەوە و کۆمەڵی کوردەواری لەو دەردە ترسناکە دووربخرێتەوە.

***

کوردستانی نوێ ژمارە (٢٩٧٠) لە ٢٠٠٣/١/٢٣





## لە تەگەران خێزانێك دڵیان لای ڕاستە



کاتێك سەردانی ماڵی کاك (مەحمودی حاجی قادر)م، لە گوندی تەگەرانی شارباژێڕ کرد، پێیان وتم: ئەو، منداڵەکانی دڵیان لای ڕاستە، بۆیە ئاوا قسەی بۆکردم و وتی: لە سەرەتادا کە (فرمانی) کوڕمان برد بۆ نەخۆشخانە بە مەبەستی چارەسەر پێیان وتین ئەم کوڕە دڵی لای ڕاستە زۆر نیگەران بووم، چونکە شتی وام نەبیست بوو، ئەوە بوو پزیشکەکان دڵنەواییان دامەوە و وتیان: هیچ مەترسیی نییە، پاشماوەیەکی تر دوو منداڵی ترمان سەردانی

پزیشکیان کرد بوو لە سلێمانی لەوێش پێیان وتبوون دڵی هەردووکیان لای ڕاستە و سەبارەت بە منداڵەکانی تریان وتی: تا ئێستا ئەو دوو منداڵەی ترمان پشکنینیان بۆ نەکراوە نازانین ئەوانیش وان یان نا.



لە پاش ئەوە (گەلاوێژ ئەمین محەممەد) خێزانی کاک مەحمود وتی: ئێستا (٥) منداڵمان هەیە و ساڵی ٢٠٠٢ کیژێکی تەمەن سیانزە ساڵانمان ژێر ئۆتۆمبێل کەوت گیانی لە دەستدا، بەوەوە دەکاتە شەش لەو شەش منداڵە سیانیان پشکنینیان بۆ کراوە هەرسێکیان دڵیان لای ڕاستە، هەروەها وتی: لە سەرەتادا تا ماوەیەك ماڵمان بەرنەدەکەوت لەبەر ئەو کەسانەی ئەو هەواڵەیان بیستبوو، ئێمەش زۆر لامان ناخۆش بوو، بەڵام بە درێژایی کات لامان ئاسایی بوەوە، کە زانیمان هیچ کاریگەرییەکی خراپی نییە.





دوای دایکی منداڵەکان، پێم باش بوو منداڵەکانیان لەسەر ئەم ڕووداوە بۆمان بدوێن ئەوە بوو (فرمان) بەم جۆرە وتی: تەمەنم هەژدە ساڵە و خوێندکاری پۆلی پێنجەمی وێژەییم، چەند ساڵێك لەمەوبەر کە نەخۆشکەوتم و بردمیان بۆ نەخۆشخانە بە مەبەستی چارەسەر لەوێ سۆناریان بۆکردم و پێیان وتم دڵت لای ڕاستە، منیش زۆر ترسام، چونکە یەکەمجار بوو شتی لەو جۆرە ببیستم لەسەرخۆم.



کە زانیم (شێنێ)ی تەمەن (٨) ساڵ یەکێکە لەو منداڵانەی کە دڵی لای ڕاستە، پێم باش بوو گوێبیستی لێدوانەکەمان نەبێ، بۆیە پاش ئەوە (شۆخان)ی کچە گەورەی خێزانەکە تەمەنی (٢٢) ساڵە و یەکێکە لەوانەی کە دڵی لای ڕاستە وتی: ساڵی ٢٠٠٤ چووم بۆ سلێمانی لەوێ سۆنەریان بۆ کردم و پزیشکەکە وتی: شۆخان تۆ زۆر سەیری بە پێچەوانەی

خەڵکەوەی، منیش وتم: بۆچی؟ دکتۆر لە وەڵامدا پێی وتم: دڵت لای ڕاستە، ئێستا شۆخان هاوسەری هەیە و منداڵێکیان هەیە، بەڵام نازانرێت منداڵەکە دڵی لای ڕاستە یان چەپ.

رای پزیشک:

لە میانەی گەشتەکەمدا بە باشمانزانی رای پزیشک لەم بارەیەوە بزانم، لە نەخۆشخانەی گشتی قەڵاچوالان دکتۆر (سەرمەد هیوا عارف)لەم بارەیەوە وتی: وەك دەزانین زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤەکان دڵیان دەکەوێتە لای چەپ، بە دەگمەنیش ڕێدەکەویَ دڵ بکەوێتە لای ڕاست، هەرچەندە هۆکارەکانی تا ئێستا بە باشی روون نەبۆتەوە، بەڵام هیچ جۆرە کاریگەرییەکی خراپ بۆ سەر مرۆڤەکە دروست ناکات، زۆر کەس بەو جۆرە بوە و کۆچی دوایشی کردوە پێیان نەزانیوە ئەو کەسانە ساتیَ پێیان دەزانریَ کە دڵیان کەوتۆتە لای ڕاست کە دەچێتە لای پزیشك و لە ڕێگەی تیشك و هێڵکاری دڵ یان لە ڕێگەی سۆنەرەوە روون دەبێتەوە کە بەو جۆرەن، هەروەها وتی: بۆماوەیی تا ڕادەیەك لەم بوارەدا رۆڵ دەگێڕێت، پێویستە ئەو مرۆڤانە لە کاتی پشکنین و نەشتەرگەریدا پزیشکەکان لەو حاڵەتە ئاگادار بکەنەوە، هەرچەندە هیچ پزیشکێك بەبیَ پشکنین و تیشك هیچ جۆرە نەشتەرگرییەك ئەنجام نادات، سەبارەت بەچەندێتی تەمەن و چۆنییەتی تەندروستی ئەو کەسانە وتی: هیچ جۆرە جیاوازییەك نییە، لە نێوان ئەو کەسانە و





مرۆڤەکانی تردا دڵنیایان دەکەمەوە کە ئەوان مرۆڤی ئاسایین، نیگەران نەبن و نەترسن.

***

کوردستانی نویَ ژمارە (٣٨٧٨) لە ٢٠٠٦/١/٢٤

## چەند شێوازێك لە تابلۆیەکی بەردیندا



ویست و حەزی خۆی گونجاندونی و برەوی پێداون، لەم لاسایی کردنەوەی هونەری سروشتەدا توانیویەتی ڕێبازو شێوازی جوانی هونەری دابهێنێ و بەناو ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا شۆڕبێتەوە، ئەوەی لەوێنەکەدا دیارە، بەردێکە لەگوندی قشلاخی شارباژێڕ بەرچاوم کەوت لەڕووکاری دەرەوەی بەر دیواری





مزگەوتەکە دانرابوو، ساتێ بەووردی سەیرم کرد چەندین نەخشەو شێوازی جۆراو جۆر تێدا بەدی دەکرا هەر لەوێنەی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك و ئامێری جۆراو جۆر. کاتێ بەردەکە هەڵدەگێڕیتەوە بۆ هەر لایەك شێوازەکانی دەگۆڕێت و چەندین نەخشەت دەخاتە بەرچاو، درێژی بەردەکە(٣٥X ٤٥)سم دەبێت و زۆر کونی تێدایە بنکی بەردەکە دوو قاچی هەیەو بەشی سەرەوەی لەشێوەی کەللە سەری مرۆڤدایەو تەنیشتەکانیشی بەرزی و نزمی جۆراو جۆری تێدایە زۆر شتی بینراوی تیا دەخوێنرێتەوە، جگە لەمانەش ڕەنگی بەردەکە جیاوازە لەبەردی ئاسایی کەزەردێکی کاڵە لەئەنجامی ووردبوونەوەیەکی زۆر وام هەست کرد ئەم تابلۆیە نەخشی سروشتەو دەستی مرۆڤ لەدروست کردنیدا بەدی ناکرێت. پێ دەچێ بەهۆی ئاو دروست بوبێت یالەناو ئاودا بووە یان لەکلسی ئاو دروست بووە.

دەبا تابلۆ جوانەکانی سروشت بە جوانیەکانیان ببینین و لە پێشانگاکانی ژینگەدا باشتر نمایشیان بکەین و بیان پارێزین.

***

سلێمانی نوێ ژمارە (١٢٠) ١٣/مایۆی ٢٠٠٤

## گۆڕی بکوژی سلێمان پاشای بابان







کوشتن و تیرۆرکردنی سەرۆك و میر و پاشا لە مێژووی کۆن و نوێدا زۆرجار باسی لێوەکراوە لە مێژووی سەدەی ڕابردوودا ئەوەی زۆر بەباشی دەنگی دایەوە تیرۆرکردنی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جۆن کەنەدی بوو کەلە ٢٢ ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣ لەشاری دالاس لەویلایەتی تەکساس کوژراو تیرۆرکردنی خوالێخۆشبوو عەبدولکەریم قاسم بەدەستی جەللادە بەعسییە عێراقییەکان لە رۆژی (١٩٦٣/٢/٩ )دا. مێژووی نەتەوەی کوردیش لەوەبەدەرنییە کارەساتی ناخۆشی لەوجۆرە کەمیرو پاشاو سەرکردەکانی بەدەستی دوژمنانی کورد پیلانیان بۆ دانراوە بۆ لەناوچونیان، ئەمەش چۆتە قاڵبی دژایەتی کردن و بەگژاچوونەوەی شۆڕشی کورد، یان دروستکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو ڕیزەکانی کورددا زۆربەی شۆڕشەکان و میرنشینەکان بەم دەردە براون، هەر لە شۆڕشی عەبدولڕەحمانی پاشای بابان و شۆڕشی بەدرخانیەکان و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشی یەزدان شێرو زۆری تر بەدی دەکرێت.

لەمێژووی میرنشینی باباندا ئەوەی جێی مشتومڕو باسە، کوشتنی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای بابانە، وەك سەرچاوەکان ئاماژەی بۆدەکەن لەساڵی ١٧٦٥ کوژراوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی گۆڤارەکەمان لەکارەساتی سلێمان پاشای بابان ئاگاداربکەین لەگەڵ ئەوەشدا خۆم زۆر مەبەستم بوو بەتەواوی

ڕووداوەکە بزانم و ئەرکی سەرشانی خۆم جێبەجێ بکەم کە ڕوونکردنەوەو بەدواداچوونی ڕووداوە مێژووییەکەیە. لێرەدا ناکرێت هەوڵی مامۆستا عەبدولڕەقیب یۆسف لەبیربکرێت کەهەوڵی داوە بۆ ئاشنا کردنی کورد بەمێژووی لەبیرکراوی خۆی بەوەی کەلە گۆڤاری (هەزار مێرد) ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٢ ، ئاماژەیەکی کورتی بەکوشتنی سلێمان پاشا داوە لەووتاری (قەڵاچوالان پایتەختی میرنشینی بابان) منیش بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم بابەتەو ساغکردنەوەی بەتەواوی، سەردانی چەند کەسێکم کرد لەقەڵاچوالان و ڕووداوەکان لەدەمی ئەوانەوە دەگێڕمەوە:

کە ئەویش مام عەبدوڵلا فەرەج ئەحمەدە، لێم پرسی چۆن سلێمان پاشای بابان کوژراوە، لەوەڵامدا وتی: وەك لەباووباپیرانم بیستووەو وتوویانە کەکابرایەك هەبووە ناوی دەروێش فەقێ ئیبراهیم بووە بەهۆی کاری کاروان چێتی و کاسپی سەردانی قەڵاچوالانی کردووەو بەهۆی هێنانی کاروانی قاچاغ کەل و پەلەکەی لەلایەن دەست و تاقمی پاشای بابان دەستی بەسەرا گیراوە، دەروێشیش ئەم کارە پەست و نیگەرانی دەکات و شەو بەهۆی بوونی دارتووییەکی گەورە لەدەرەوەی حەوشەی ماڵی پاشا سەردەکەوێت و دەچێت بەخەنجەر لەپاشا دەدات و بریندار دەکات و شار بەجێ دەهێڵێت، بەڵام سوپای بابان بەهۆی





دەسەڵاتیان دەروێش فەقێ ئیبراهیم دەهێننەوەو بەئەمری پاشا دەکوژرێ و لەزەوی کەلاوەی پاشایی دەنێژرێت کەکەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی قەڵاچوالان و نزیك چەمی گەورەی قەڵاچوالان تائێستا گۆڕەکەی هەر شوێنەواری ماوەتەوە لەپاش سێ ڕۆژ بەبرینداری سلێمان پاشاش بەهۆی کاریگەری برینەکەیەوە کۆچی دوایی ئەکات. هەرسەبارەت بەهۆی مانەوەی گۆڕی بکوژی پاشای بابان کاك عوسمان محەمەد ئەمین کە ئێستا خاوەنی زەوی کەلاوەی پاشاییەو وتی: پێدەچێ هۆی مانەوەی ئەم گۆڕە ئەوەبووبێ کەلەزەانی بابانییەکاندا بۆ نەفرەت لێکردن و ناسینی بکوژی پاشای بابان هێشتوویانەتەوە لە پاش ڕاگوێزانی شار بۆ سلێمانی قەڵاچوالان خەڵکی کەمی لێماوەتەوە جگە لەوەش شوێنی گۆڕەکەی لەسەر ڕێگانەبووە و کەوتۆتە ناوباخێکەوە، سەبارەت بە هەوڵی خۆی بۆ پاراستنی ئەم گۆڕەو وتی: زۆرجار ئاگاداربووم خەڵك هاتۆتەناو باخەکەم و ویستویانە کێلی گۆڕەکەی بشکێنن بەڵام من ڕێم لێگرتوون و پاراستومە لە لەناوچوون. لەپاش سەردان و بینینی گۆڕی بکوژی سلێمان پاشای بابان لە قەڵاچوالان لەئەنجامدا بۆم دەرکەوت، کەکێلی گۆڕەکەی بەتەواوی خەریکە بەرەو لەناوچوون دەچێت، هەق وایە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی نوێ کردنەوەی ئەم گۆڕە بدات تا لەناو نەچێت بۆ دەرس و پەندی مێژوو بۆ ئەوەی

نەوەکانی کورد بزانن پاشایەکی کورد کەناسراوە بە (سلێمان پاشای گەورە) بەدەستی خاوەنی ئەم گۆڕە کوژراوە بۆئەوەی ڕووداوی لەوجۆرە لەمێژوودا ببێت بەعیبرەت بۆ ئەو جۆرە کەسانەو ئەوکارە دووبارە نەبێتەوەو بکرێتە نەریتێک بۆ نەفرەت لێکردنی ئەوو ئەوانەی دەستیان دەبێت لەتاوانی مێژوویدا بەرامبەر بەنەتەوەکەیان.

به ڕوویەکی تردا مەجنییە تەنیا ئەو گۆڕانە لەیادنەکرێن کە شانازییان پێوە دەکەین، بەڵکو ئەو کەس و گۆڕانەش بالەیاد نەکرێن کە ڕابردوویەکی ڕەشیان بۆ مێژووی نەتەوەکەیان جێهێشتووە. یان هەقە گۆڕستانێک هەبێت بۆئەو کەسانەی کەبەپێچەوانەی ڕەوتی مێژووی نەتەوەکەیان کاردەکەن چۆن گۆڕستانی پیاو چاکان و ناوداران و شەهیدان هەیە باگۆڕستانی پیاوخراپان و ناحەزانی نەتەوەش هەبێت تا تێکەڵ بەیەکتر نەکرێن لێرەدا بەپێویستی دەزانم کەنموونەیەک بێنمەوە لەسەر گۆڕستانی ناوداران و گۆڕستانی پیاوخراپان، کەئەویش لەمێژووی فەرەنسادا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت، شۆڕشگێڕان لەو وڵاتەدا بۆ کۆتاییهێنانی دەسەڵاتی پاشایەتی لەسەردەمی لویسی شانزەیەم تێدەکۆشان، لەناویاندا کەسێک بەناوی (میرابۆ) زۆر سەرگەرم بوو دژ بەپاشایەتی و بووە پێشڕەوێکی ناودار لەناو خەڵکی فەرەنسادا، میرابۆ ساڵی ١٧٩١ کۆچی دوایی کرد بەسەر شانی





دەیان هەزار کەسی شۆڕشگێڕ بەرەو گۆڕستانی پانتیۆن کەناسراوە بەگۆڕستانی ناوداران و گەورە پیاوان بەڕێدەکرێت و دەنێژرێت. لەپاش ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕشگێڕان و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی کۆشکی ڤێرسای دەرکەوت، کەمیرابۆ یەکێک بووە لە کرێگرتەکانی لویسی شانزەیەم، دوای سەرسوڕمانی زۆری خەڵکەکە دیسان هەر ئەو خەڵکە بەڕق و توڕەییەوە پەلاماری گۆڕی میرابۆیان دایەوەو گۆڕەکەیان هەڵتەکاند ئێسک و پروسکی لاشەکەیان بردە گۆڕستانی (سان مارسۆی) نزیک پاریس کەتەرخان کرابوو بۆ دزو جەردەو خۆفرۆشان. ئەگەر سەرنج بدەین لەکوردستانداو لەسەردەمی بابانیەکان لەساڵی ١٧٦٥ هەمان شێوازی جیاکردنەوەی گۆڕی پیاو چاکان و ناوداران پێش زۆر شوێنی جیهان پەیڕەو کراوە، ئێمەش وەک قەڵەمێک ئەوە بەبیری نەوەی نوێی کوردو دەسەڵاتداران دەخەینەوە کەکاتی ئەوە هاتووە هەنگاو بنرێت بۆ دروستکردنی گۆڕستانێکی لەوجۆرەو یا لەنوێ کردنەوەی گۆڕی بکوژی سلێمان پاشای بابانەوە ئەو هەنگاوە بنرێت. کە لە کوردستانیشدا وەک هەموو وڵاتان باچیتر گۆڕی پیاوخراپان و تیرۆریستان تێکەڵ بەگۆڕستانی پیاو چاکان نەکرێت.

***

* سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

– کتێبی مێژوو، دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد.

– گۆڤاری هەزارمێرد، ژ٢١ ی ئەیلولی ٢٠٠٢، وتاری (قەڵاچوالان پایتەختی میرنشینی بابان)، عەبدولڕەقیب یوسف.

– (١٠٠)، دکتۆر مایکل هارت.





## ئەشکەوتی کونەبا سەیرانگای خەڵکی ماوەت



لەم وڵاتەی ئێمەدا دیاردەو شتی سەرسوڕهێنەری زۆری تێدایە کەناکرێت فەرامۆش بکرێن و بەخەڵکی نەناسرێن، بۆیە بەپێویستمان زانی ئەشکەوتی کونەبا بەخوێنەران ئاشنا بکەین ، ئەوەی جێی سەرنجی خەڵکی ناوچەی (ماوەت) ە ئەو ئەشکەوتەیە کە کەوتۆتە خۆرئاوای ناحیەی ماوەت، ساڵانە بەپێی وەرزەکان خەڵکی سەردانی ئەم ئەشکەوتە دەکەن، هەرچەندە ڕێگایەکی زۆر ناخۆشی هەیەو ئۆتۆمبیل دەرناچێت و مرۆڤیش تەواو ماندوو

دەبێت تا دەگاتە ئەشکەوتەکە، ئەو ڕۆژەی چوین بۆبینینی ئەشکەوتەکە ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو بەگەیشتنمان بۆ ئەویٚ لەبەر دەم ئەشکەوتەکە هەوایەکی فێنك ئارەقەی ماندوبونی سڕین و پشوماندا قوڵی ئەشکەوتەکە نەزانراوە مۆرڤ ناتوانیٚ بەئاسانی بچێتەناوی چونکە بواری کەمەو فراوان نییە، لە پرسیارێکدا سەبارەت بەگرنگی ئەم ئەشکەوتە خەڵکی ناوچەکە وتیان بۆتە مەنزڵگەی حەوانەوەی ئێمە چونکە ئەو هەوایەی لێی دەردەچیٚ بەهاوینان ساردو فێنکەو زستانانیش گەرم و هەوایەکی نەرمی هەیە، هەروەها وتیان ئێمە زۆر سەردانی ئەم ئەشکەوتە دەکەین و بۆتە سەیرانگایەکی خۆشی هەمومان، لەوەڵامی ئەوەی ئایا ئەم ئەشکەوتە هەواکەی هەربەو جۆەی ئێستا بووە یان گۆڕاوەو وای لێهاتووە، وتیان لە باووباپیرانی خۆمان مان بیستووە کەهەر بەوجۆرەی ئێستا بووە،هەر لەبەر ئەوەشە ناویان ناوە کونەبا.

هەقە بایەخی پێبدرێت و ڕێگاکەی چاك بکرێت تا خەڵك بتوانن بە ئاسانی سەردانی بکەن.

***

کوردستانی نویٚ ژمارە ٢٨٩٦ لە ٢٠٠٢/١٠/٢٣ بڵاوبۆتەوە





## سوپاس بۆ:

- گەلەریی هونەریی بابان، کە ئەرکی لە چاپدانی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.
- شاعیری لاو هێمن عوسمان بەرزنجەیی، کە ماندوو بوو لە کاتی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەدا.